خەبات

XEBAT

لە ماڵ پارێزاو دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5974) یەک شەممە 19ی تەموز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پەیڕەوی ناوخۆیی بۆ سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێم پەسەند دەکات

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

هەولێر دەیەوێت لەڕێی گفتوگۆوە کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا رایگەیاند، سەرقاڵبوونی هەریەک لە حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ هەڵی ئەوەی نەدا هەولێر و بەغدا لەسەر زۆر بابەت بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی. فارس عیسا لە لێدوانێکدا باسی لە هەوڵەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چاوەڕوانییەکانی هەرێم لە کابینەی مستەفا کازمی کرد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



لە یادی 32 ساڵەی داستانی خواکورک

بەشداری ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە شەڕی خواکورک هۆکاری سەرەکی سەرکەوتن بوو لەم داستانەدا

9

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا دەکات

پشتیوانییە هەمیشەییەکانی فەڕەنسا لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیدارەکە بوو



ڕۆژی هەینی 2020/7/17 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە بەڕێز ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کرد. لە دیدارێکی دۆستانەدا باس لە پەیوەندییەکانی فەڕەنسا و عێراق و هەرێمی کوردستان و دوا پێشهاتەکانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و جموجۆڵەکانی داعش و ئەو قەیرانانەی بە هۆی پەتای کۆرۆناوە ڕووبیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە کرا.

هەروەها پشتیوانییە هەمیشەییەکانی فەڕەنسا لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی گرینگی فەڕەنسا لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و پەیوەندی هەرێم بە حکوومەتی فیدراڵ تەوەرێکی تری دیدارەکە بوون.

بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا خۆشحاڵی خۆی بە سەردانی هەرێمی کوردستان و بینینەوەی سەرۆک بارزانی دەربڕی.



نێچیرڤان بارزانی: چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق کلیلی سەقامگیریی سیاسیی لەو وڵاتە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کردو لە کۆبوونەوەیەکدا دەستبەکاربوونی حکوومەتی تازەی عێراق و پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و بەردەوامیی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، تاوتوێ کران. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی فەرەنسا دەکات


مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کرد. لە دیدارەکەدا کە قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت ئامادەی بوو، بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییە میژوویییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا تاووتوێ کران. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دەستەی وەبەرهێنان:

زیاتر لە 200 داواکاری بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان گەیشتووەتە دەستمان

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



ئەستێرەی کلکداری Neowise لە ئاسمانی شەقلاوەدا بیندرا

ئەستێرەی کلکداری C/2020 F3 Neowise کە ناوەکەی لە وردبینی NEOWISE ئاژانسی فڕۆکەوانی و بۆشاییی ئاسمانیی ئەمەریکا «ناسا»وە وەرگیراوە لە نزیک شارۆچکەی شەقلاوە لە پارێزگای هەولێر بیندرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە وەزیری دەرەوەی فەرەنسا دەکات

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی فەرەنسا دەکات



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: داوای هیچ شتێکمان نەکردووە پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت و هەر شتێکیش رەتدەکەینەوە کە کەمتر بێت لە مافە دەستوورییەکانمان



رۆژی هەینی 2020/7/17 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ژان ئیڤ لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا کرد. لە دیدارەکەدا کە قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت ئامادەی بوو، بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییە مێژوویییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فەرەنسا تاووتوێ کران.

وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ڕایگەیاند، هاتووم بۆ ئەوەی پشتگیریی وڵاتەکەم بۆ هەرێمی کوردستان دووپات بکەمەوە بەتایبەتی لەم ڕۆژە سەختانەدا. گوتیشی فەرەنسا ئامادەیە بۆ یارمەتیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەمڕووەوە پسپۆڕانی فەرەنسی ئامادەن بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێم لە بواری کشتوکاڵی و تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری . وەزیری دەرەوەی فەرەنسا هەروەها بانگهێشتی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کرد بۆ سەردانی فەرەنسا لە دەرفەتێکی گونجاودا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی ڕۆڵی مێژوویی فەرەنسای کرد لە پشتگیریکردنی گەلی کوردستاندا. پاشان سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکوومەت تیشکیان خستە سەر دەرەنجامی گفتوگۆکان لە گەل حکوومەتی فیدراڵی و هەوڵەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان.

سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی فەرەنسا دەتوانێ ڕۆڵی ئەرێنی خۆی لە یەکنزیکردنەوەی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی بگێڕێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە سەر بنەمای دەستوور. گوتیشی ئێمە داوای هیچ شتێکمان نەکردووە پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت و هەر شتێکیش ڕەت دەکەینەوە کە کەمتر بێت لە مافە دەستوورییەکانمان .

باکووری کوردستان..
شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری کۆچی دوایی کرد

شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری، یەکێک لە ڕێبەرانی تەریقەتی نەقشەبەندی لە باکووری کوردستان کۆچی دوایی کرد. شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری کە یەکێک بوو لە ڕێبەرانی ئایینی و کۆمەڵایەتیی باکووری کوردستان، لەناو کۆمەڵگای کوردیدا خاوەن پێگەیەکی بەرز و گرنگ بوو، لە تەسەوفدا گەیشتبووە بەرزترین پلە. موریدەکانی لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان و شارەکانی دیکەی تورکیا هەبوون، بەتایبەت لە شاری ئیستانبوڵ، کە بە گوتەی خانەوادەکەی تەنیا لە گەڕەکی زەیتنبورنو ژمارەی موریدەکانی لە 10هەزار کەس زیاترن.

شایەنی باسە شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری دواین جێنشینی شێخ قەدری جزیری لەدایکبووی ساڵی 1930بوو، لەتەمەنی 16ساڵیدا بووەتە خەلیفە، ناوبراو خوداناس و خودان پێگەیەکی دیاری نێو کوردەکانی باکووری کوردستان و تورکیا بوو، خودان تەریقەتەکی ئایینی بوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری دەکات

ڕۆژی هەینی 7/17/ 2020 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پرسەنامەیەکدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز و کەسوکار و مریدان و پەیڕەوانی خوالێخۆشبوو شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری، شێخی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان و تورکیا کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێز و کەسوکار و مریدان و پەیڕەوانی خوالێخۆشبوو شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری، شێخی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان و تورکیا دەکەم کە ئەمڕۆ لە دیاربەکر کۆچی دوایی کرد.

هاوسۆز و هاوخەمیانم، لە پەروەردگاری مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەزەیی و میهرەبانیی خۆی شاد بکات و سەبووری و دڵنەوایی بداتە هەمووان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری دەکات

ئێوارەی ڕۆژی هەینی 17-7-2020مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە هاشم هاشمی سیاسەتوانی ناسراوی باکووری کوردستان کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی شێخ سەیفوڵڵا ئەنساری، کەسایەتی ئایینی و شێخی تەریقەتی نەقشبەندی لە باکووری کوردستان کە دەکاتە خەزووری هاشم هاشمی.

سەرۆکی حکوومەت هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی شێخ سەیفوڵڵا ڕاگەیاند و هیوای خواست خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامییش بە کەسوکاری ببەخشێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا مەلا جەمیل شاوێسی دەکات

ڕۆژی هەینی 17-7-2020نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پرسەنامەیەک سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکاری بەڕێزی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا جەمیل شاوێسی، بانگخواز و کەسایەتیی دیاری هەولێر کرد.

ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

پرسە و سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکاری بەڕێزی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا جەمیل شاوێسی، بانگخواز و کەسایەتیی دیاری هەولێر دەکەم کە ئەمڕۆ بەهۆی نەخۆشییەوە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.

هاوسۆز و هاوبەشی خەمیانم، لە خوای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بخاتە بەر بەزەیی و میهرەبانیی خۆی و سەبووری و دڵنەواییش بداتە هەموو لایەک.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
17/7/2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا مەلا جەمیل عەلی دەکات

ڕۆژی هەینی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرسەنامەیەکدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا مەلا جەمیل عەلی، کەسایەتی ئایینی ناسراوی شاری هەولێر کرد. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:


بۆ بنەماڵەی مامۆستا مەلا جەمیل عەلی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا جەمیل عەلی کەسایەتیی ئایینی ناسراوی شاری هەولێرم بیست. پرسە و سەرەخۆشیی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکەم. خوای مەزن گیانی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامیی و دڵنەواییش بە کەسوکاری ببەخشێت .

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/7/17

ئەنجوومەنی وەزیران چەند پەیڕەوێکی یاسای چاکسازی پەسەند دەکات

ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پەیڕەوی ناوخۆیی بۆ سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێم پەسەند دەکات لە پێناو زامنکردنی مافی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان لە گشت بوارەکانی وەزیفە



ڕۆژی چوارشەممە 15-7-2020 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و بەشداربوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن، کۆبوونەوەی هەفتانەی ئاسایی خۆی لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە ئەنجامدا.

لە برگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا، لە چوارچێوەی هەنگاوە کردارییەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری (پەیڕەوی ناوخۆیی بۆ سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێم) خستەڕوو. ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پەیڕەوەکەی پەسەند کرد، کە مەبەستی سەرەکی لەم سندوقەش زامنکردنی مافی خانەنشینانی هەرێمی کوردستانە لە گشت بوارەکانی وەزیفە، بەپێی ئەم پەیڕەوە داهاتی سندوقەکە تەنیا بۆ شایستەی دارایی خانەنشینان خەرج دەکرێت، سندوقەکەش ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردنی دەبێت لە نوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

پاشان ئامانج ڕەحیم سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران هەر لە چوارچێوەی پەیرەوەکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی (پەیڕەوی تایبەت بە مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەو ژوور) سەرەڕای مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن لە وەزیفەی گشتیی خستەڕوو. پاش گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بە کۆی دەنگ پەیڕەوەکە پەسەند کرا، کە مەبەستی سەرەکی لەم پەیڕەوەش ڕەچاوکردنی هەبوونی بڕوانامە و شارەزایی و لێهاتوویی ئەو کەسانەیە کە ئەو پلە وەزیفیانە پردەکەنەوە و ڕۆڵی سەرکردایەتی کارگێڕیی دیاریان هەیە لە بەڕێوەبردنی ئەرک و چالاکییەکانی وەزارەتەکان وەک کەسانی پیشەیی و تەکنۆکرات.

ئینجا پرۆژە یاسای نوێی فرۆشتن و بە کرێدانی مایەکانی دەولەت لە لایەن ڤالا فەرید وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان خرایە ڕوو و دواتر بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.

پاشان بڕیار لە سەر پێشنیاری هاوبەشی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو درا تایبەت بە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسای ڕێکخستنی مافی ڕەفتارکردن لەسەر زەویوزاری کشتوکاڵی ژمارە ((1ی ساڵی 2008تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی ئەو جووتیارانەی کە مەرج وپێداویستیەکانی هاتوو لە یاسای ئاماژەپێدراویان تێدایە و تا ئێستا مامەڵەی قەرەبووکردنەوەکانیان ڕایی نەکراوە، ئەویش لە دوای ووردبینی دۆسیەکان و دڵنیابوون لە هەبوونی مەرجە یاساییەکان، بەم جۆرە کێشەی بەشێکی زۆر ئەو هاوواڵتیانە چارەسەر دەبێت کە بە شێوەی کارت و بە پێی شایستەبوون زەویان پێدراوە لە ساڵانی پێشوو بەڵام تا ئێستا لە فەرمانگەکانی تاپۆ بەناویان نەکراوە، دەرفەتێش دەدات بەو هاوواڵتیانەی یەکەی نیشتەجێبوونیان لە پرۆژەکان کڕیوە، بە فەرمی بەناوی خۆیان بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش وەزیرەکانی (شارەوانی وگەشتوگوزار، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، داد) ڕاسپێردران پەلە بکەن لە ڕاییکردنی مامەڵەی یاسایی ئەو هاوواڵتییانە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ستایشی پشتگیریی فەڕەنسا لە هەرێمی کوردستان دەکات

نێچیرڤان بارزانی: چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق کلیلی سەقامگیریی سیاسیی لەو وڵاتە

ژان ئیف لۆدریان: ئەم سەردانەم پشتگیرییە بۆ شەڕتان دژی داعش کە ئێمە و کوردستانی تووشی پرسە و تازیە کرد

لە ڕۆژانی داهاتوودا چەندین کەلوپەلی گرنگی پزیشکی وەک هاوکاریی دەبەخشین بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان



سەرلەبەیانیی رۆژی هەینی 17/7/2020بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ژان ئیف لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا کە بەڕێزان جێگرانی سەرۆک ئامادەی بوون، دەستبەکاربوونی حکوومەتی تازەی عێراق و پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و بەردەوامیی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق، تاوتوێ کران. لەمبارەیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکوومەتی عێراق، کلیلی سەقامگیریی سیاسیی عێراقە، بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنساش پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان دووپات کردەوە.

بەڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، لەگەڵ هەنگاو و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی لە هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەکە بوو، تیایدا تیشک خرایە سەر ژمارەی تووشبووان و چارەسەرکراوان و ئەوانەی بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە، لای خۆیەوە بەڕێز لۆدریان ئامادەیی فەڕەنسای بۆ هاوکاریی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوە پەتاکە نیشان دا.

لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتەکانی شەڕی دژی تیرۆر خرایە بەر باس و هەردوولا جەختیان لە پێویستیی بەردەوامیی پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و گرنگیی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە، بەڕێز لۆدریانیش بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆردا، دووپات کردەوە.

هەردوولا جەختیان لە پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا و قوونکردنەوەی هاوبەشیی نێوانیان کردەوە، هەروەها دۆخی ئاوارە و پەنابەران و پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون کە بەڕێزان بالیۆزی فەڕەنسا لە بەغدا و کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر ئامادەی بوون.

دوای کۆبوونەوەکەش لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی خۆشحاڵیی خۆی بە پێشوازی لە بەڕێز ژان لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا دەربڕی و سەردانەکەی لەم کاتە هەستیارەدا کە هەرێمی کوردستان و عێراقیش وەک جیهان گیرۆدەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانین، بە گرنگ و نیشانەی بەردەوامیی پشتگیریی فەڕەنسا بۆ هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دا.

بەڕێزیان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دووبارە سوپاسی فەڕەنسای کرد کە هەمیشە لە تەنگانەدا پشتگیری لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان کردووە، سالّی 2017 ش ئابلۆقەی لەسەر هەرێمی کوردستان شکاند و هاوکار بوو لە دەسپێکردنەوەی گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا، هەروەها ڕۆڵی بەڕێز سەرۆک ماکرۆنی بە ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو ناوزەد کرد کە هەرگیز لەبیر ناکرێت و مایەی ڕێز و پێزانینە.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە لە شەڕی داعشدا، فەڕەنسا وەک ئەندامێکی گرنگی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هاوبەشێکی هەرێمی کوردستان و عێراق، پشتگیری و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و هێشتاش عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پشتگیریی فەڕەنسا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەیە، باسی لەوەش کرد کە فەڕەنسا هاوکاریی مرۆیی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران کردووە، بەتایبەتیش خوشک و برایانی ئێزدی و مەسیحی، کە بەرەکانی شەڕی دژی داعشی کرد، هەم چەند جارێک پێشتر و ئێستاش کە دووبارە وەزیری دەرەوەیە، بۆ ئەوەش زۆر سوپاسی کرد، هەروەها سوپاسی بەڕێزان بالیۆزی فەڕەنسا لە بەغدا و کونسوڵی فەڕەنسای لە هەولێر کرد کە بەردەوام کار لە کەمپەکان، یان بە حەواندنەوەیان لە فەڕەنسا، هەروەها گوتی: گرنگییەکی زۆر بە سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەدات.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی باسی لە بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنساش کرد کە یارمەتیی کارمەندانی تەندروستیی ئێوە دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەڕێزیان هەروەها گوتی: ئەم سەردانەم پشتگیرییە بۆ شەڕتان دژی داعش کە ئێمە و کوردستانی تووشی پرسە و تازیە کرد. دەبێ هەموومان یارمەتیی کارمەندانی تەندروستیی ئێوە بدەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەڕێزیان هەروەها گوتی: ئەم سەردانەم پشتگیرییە بۆ شەڕتان دژی داعش کە ئێمە و کوردستانی تووشی پرسە و تازیە کرد. دەبێ هەموومان بزانین کە ئێمە و کوردستان بەتەنیا ناتوانین بەرەنگاری ئەم مەترسییە ببینەوە، بەڵکو پێویستە هاوکاری یەکتر بکەین بۆ سەرکەوتن بەسەر داعش و هەڕەشەکانی تر.



هێشتا عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پشتگیریی فەڕەنسا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەیە

وەک دۆستێکی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسادا گێڕاوە، هەم کاتێک وەزیری بەرگری بوو کە سەردانی کوردستانی کرد، بەڵێنی ئەوەم دا کە چەندین ملیۆن یۆرۆ کۆبکەمەوە بۆ ئاوارە و پەنابەران، لە کەمپی بەردەڕەش چەندین پڕۆژەمان ئەنجام دا لە بوارەکانی پەروەردە و تەندروستی و ئاو، هەروەها ڕۆژانی داهاتووش فەڕەنسا یارمەتی دەگەیەنێتە نەخۆشخانەی هەڵەبجە، فەڕەنسا بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئێوە، لە داهاتوودا بە هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانیا بە گوژمەی پازدە ملیۆن یۆرۆ پڕۆژەیەکی گرنگی بواری ئاو و ئاوەڕۆ لە پارێزگای دهۆک ئەنجام دەدات.

هەروەها ئاژانسی پەرەپێدانی فەڕەنسی لەگەڵ زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانی لە نزیکەوە کار دەکات بۆ دەستەبەرکردنی هەڵی کار بۆ گەنجانی کورد. خالێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم کۆمپانیاکانمانە کە بەرەبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانی بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا، لەگەڵ هەنگاو و ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی لە هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەکە بوو، تیایدا تیشک خرایە سەر ژمارەی تووشبووان و چارەسەرکراوان و ئەوانەی بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە، لای خۆیەوە بەڕێز لۆدریان ئامادەیی فەڕەنسای بۆ هاوکاریی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوە پەتاکە نیشان دا.

لە کۆبوونەوەکەدا دوایین پێشهاتەکانی شەڕی دژی تیرۆر خرایە بەر باس و هەردوولا جەختیان لە پێویستیی بەردەوامیی پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و گرنگیی هەماهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق کردەوە، بەڕێز لۆدریانیش بەردەوامیی پشتگیریی وڵاتەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆردا، دووپات کردەوە.

هەردوولا جەختیان لە پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی هەرێمی کوردستان و فەڕەنسا و قوونکردنەوەی هاوبەشیی نێوانیان کردەوە، هەروەها دۆخی ئاوارە و پەنابەران و پێکەوەژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، پەرەسەندنەکانی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی جێی بایەخی هەردوولا بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون کە بەڕێزان بالیۆزی فەڕەنسا لە بەغدا و کونسوڵی گشتیی فەڕەنسا لە هەولێر ئامادەی بوون.

دوای کۆبوونەوەکەش لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی خۆشحاڵیی خۆی بە پێشوازی لە بەڕێز ژان لۆدریان وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا دەربڕی و سەردانەکەی لەم کاتە هەستیارەدا کە هەرێمی کوردستان و عێراقیش وەک جیهان گیرۆدەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانین، بە گرنگ و نیشانەی بەردەوامیی پشتگیریی فەڕەنسا بۆ هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دا.

بەڕێزیان بە ناوی گەلی کوردستانەوە دووبارە سوپاسی فەڕەنسای کرد کە هەمیشە لە تەنگانەدا پشتگیری لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان کردووە، سالّی 2017 ش ئابلۆقەی لەسەر هەرێمی کوردستان شکاند و هاوکار بوو لە دەسپێکردنەوەی گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا، هەروەها ڕۆڵی بەڕێز سەرۆک ماکرۆنی بە ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو ناوزەد کرد کە هەرگیز لەبیر ناکرێت و مایەی ڕێز و پێزانینە.

هەروەها دووپاتی کردەوە کە لە شەڕی داعشدا، فەڕەنسا وەک ئەندامێکی گرنگی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هاوبەشێکی هەرێمی کوردستان و عێراق، پشتگیری و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و هێشتاش عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە پشتگیریی فەڕەنسا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەیە، باسی لەوەش کرد کە فەڕەنسا هاوکاریی مرۆیی پێشکەش بە ئاوارە و پەنابەران کردووە، بەتایبەتیش خوشک و برایانی ئێزدی و مەسیحی، کە بەرەکانی شەڕی دژی داعشی کرد، هەم چەند جارێک پێشتر و ئێستاش کە دووبارە وەزیری دەرەوەیە، بۆ ئەوەش زۆر سوپاسی کرد، هەروەها سوپاسی بەڕێزان بالیۆزی فەڕەنسا لە بەغدا و کونسوڵی فەڕەنسای لە هەولێر کرد کە بەردەوام کار لە کەمپەکان، یان بە حەواندنەوەیان لە فەڕەنسا، هەروەها گوتی: گرنگییەکی زۆر بە سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەدات.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی باسی لە بەڕێز وەزیری دەرەوەی فەڕەنساش کرد کە یارمەتیی کارمەندانی تەندروستیی ئێوە دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەڕێزیان هەروەها گوتی: ئەم سەردانەم پشتگیرییە بۆ شەڕتان دژی داعش کە ئێمە و کوردستانی تووشی پرسە و تازیە کرد. دەبێ هەموومان یارمەتیی کارمەندانی تەندروستیی ئێوە دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.

بەڕێزیان هەروەها گوتی: ئەم سەردانەم پشتگیرییە بۆ شەڕتان دژی داعش کە ئێمە و کوردستانی تووشی پرسە و تازیە کرد. دەبێ هەموومان بزانین کە ئێمە و کوردستان بەتەنیا ناتوانین بەرەنگاری ئەم مەترسییە ببینەوە، بەڵکو پێویستە هاوکاری یەکتر بکەین بۆ سەرکەوتن بەسەر داعش و هەڕەشەکانی تر.

نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە پەیڕەوانی ئایینی سابیئەی مەندائی دەکات

خەبات: سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی جەژنی گەورە و سەری سالّی سابیئەی مەندائی (دهوا ربا) پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پەیڕەوانی ئایینی دێرینی سابیئەی مەندائی لە عێراق و جیهان دەکات و تێیدا پیرۆزبایی ئەو جەژنەیان لێدەکات.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر لە پەیامێکی تایبەتدا پیرۆزبایی جەژن و سەری سالّی سابیئەی مەندائی لە پەیڕەوانی ئەو ئایینە دەکات و هیوای سالّێکی پڕ خێر و کامەرانیان بۆ دەخوازێت، ئەمەش دەقی پەیامەکەیەتی:

بەبۆنەی جەژنی گەورە و سەری سالّی سابیئەی مەندائییەوە (دهوا ربا) پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی پەیڕەوانی ئایینی دێرینی سابیئەی مەندائی لە عێراق و جیهان دەکەم. هیوادارم جەژنەکەیان بە شادی بگێڕن و سالّی نوێیان پڕ لە خێر و کامەرانی بێت.



فازیل میرانی بۆ کەنالّی (الغد):

ئێمە بەدوای خاکەوەین.. نەک نەوت و کانزای کەرکووک

هەرێمی کوردستان قوربانیی دەستی جوگرافیای سیاسییە

کەنالّی تەلەفزیۆنی ئەلغەد دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی لەگەلّ بەرێز فازیل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی ئەنجامدا، لەو چاوپێکەوتنەدا بەرێزیان تیشکی خستە سەرچەندین پرسی گرنگ و هەستیارو هەنووکەیی کە هەرێمی کوردستان و عێراق پێیدا گوزەر دەکەن، وا لە خوارەوە پوختەیەکی دەخەینەڕوو:

هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف بە ئاواتی مافی چارەی خۆنووسین و دروستکردنی دەوڵەتە

لە بارەی دەبێ نهێنی ئەو تەحدییاتە زۆرانە چی بێت کە لەیەک کاتدا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە هەر لە پرۆسەی سەربازی تورکیاو کۆکردنەوەی هێزی سەربازی لەلایەن ئێران لەسەر سنوور و ناکۆکیی نێوان پارتی و یەکێتی و ناکۆکیی لەگەلّ حکوومەتی فیدرالّی و پەتای کورونا و پرسی موچە، میرانی گوتی: کێشەی ئێمە ئەوەیە پێشتر قوربانی دەستی جوگرافیای سیاسی بووین و هیوادارم ئێستاش توشی نەبینەوە، زۆرێک دەیانەوێت کێشە بۆ هەرێم و گەلە ستەمدیدەکەی دروست بکەن، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی بچووکە، وەک ئامارم پێدا قوربانی دەستی جوگرافیای سیاسییە، کێشەمان لەگەلّ عێراق و تەنانەت وڵاتە عەرەبییەکانیش ئەوەیە کاتێ داوای مافەکانمان دەکەین، بە جیاخواز تۆمەتبارمان دەکەن، کاتێکیش ڕووبەڕووی هەڕەشە یا پەلاماری سەربازی وڵاتێکی هاوسێ دەبینەوە وەک ئەوە وایە ئێمە لەدەرەوەی عێراق دابین، لە هەقیقەتدا ئەمە کێشەکەمانە.

لەبارەی پرسیاری لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە لە هەقیقەتدا لە هەولّێ بە دەولّەت بوون دایە؟ میرانی گوتی مەنتق و یاسای نێودەولّەتی هەر دوژمنکاری و دەستێوەردانێک ڕەتدەکاتەوە، کارێکی پەسندکراو نییە، بەلام جێهێشتنی هەرێمی کوردستان بە تەنیا لە گۆڕپانەکەو دوور لە قوولایی عێراق و لە میانەی عێراقیش قوولایی عەرەبی و نێودەولّەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش، تا ڕووبەڕووی کێشەکە بێتەوە، ئەوە کێشەکە لەدەرەوەی توانای هەرێمە. بەرهەڵستکارانی سیاسی ئێران لە کوردستاندا هەن، پارتی کرێکارانی کوردستانیش هەر لە سالانی 1984و 1985لە شریتی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا جێگیر بوونە، ڕێککەوتنێکی پێشوتری حکوومەتی بەغدا لەگەلّ هەردوو وڵاتە هاوسێیەکە هەیە، ئەوکات عێراق لەبەر خراپی ڕەوشەکەی ئەوپەڕی پێویستی بە ڕێککەوتنێکی لەمجۆرە هەبوو، بەلام ئەوەی سەیرە لەدوای گۆڕینی ڕژێم لە 2003عێراق پێویستی بە ڕێککەوتنەکە نەماوە تەنیا وڵاتانی هاوسێ سوودی لێ دەبینین، نە ڕێککەوتنەکەی پووچەڵ کردەوە نە چاوخشاندنەوەی پێداکرد تا بە شێوەیەک بێ زیانی بەر نەکەوێت وەک ئێستا زیانی پێ دەگەیەنێ.

لە وەلامی پرسیاری کێشەکانی هەرێم لەگەلّ حکوومەتی ناوەندی لە بارەی نەوت و نارەنی موچەو هاتنی پەتای کۆرۆنا، میرانی گوتی سەرەتا پێمخۆشە بە حکوومەتی فیدرالّ ناوی بهێنرێت نەک حکوومەتی ناوەند، چونکە عێراق حکوومەتێکی فیدرالّییە، پەیوەندییەکانمان لە باشترین باردا نییە، من دەڵێم سوپاس بۆ خوا کە لە خراپترین باریشدا نییە، چونکە پەیوەندی زۆر خراپترمان لەوەی ئێستا بەرێ کرد، سەردانەکەی بەرێز سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێم و پێش ئەویش سەردانەکەی بەرێز سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا بە ڕێککەوتنێک گەیشتن، ڕێککەوتن لە نێوان هەرێم و بەغدا لە ساڵی 2007وە تا ئێستا بوونی هەیە، بەلام کێشەش لە نێوانماندا هەیە، ئێمە پێداگیری لەسەر هێزی مەنتق دەکەین بەلام سەرۆکە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا، هیوادارم کازمیش چاو لەوان نەکات پشت بە مەنتقی هێز دەبەستن، بە تەئکید هێزی مەنتق هەمیشەییە و مەنتقی هێزیش کاتییە، حکوومەتی هەرێم بە زۆربەنەی داواکارییەکانی بەغدا رازی بوون. هەرچی کێشەی موچەشە، وەک ئاماژەتان پێ دا پەتای کۆرۆنا سیمای ئابووری جیهانی گۆڕی، تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا حکوومەتی بەغدا نەیتوانی موچەی مانگی حوزەیران بۆ موچەخۆران دابین بکات، کەواتە هەرێم چۆن بتوانێت داوای موچە لە بەغدا بکات، بەلام لەگەلّ ئەوەشدا ئەوە کێشەیەکی عێراقییە، هەردوو حکوومەتی فیدرالّ و هەرێمی گرتۆتەوە کە هەر یەکەیان ڕێوشوێنێک بۆ دابین کردنی موچە بگرێتەبەر یا بەدوای قەرزی ناوخۆو دەرەکیی بگەڕێت یا پارە لە یەدەگیی بانکی عێراق بکێشتەوە کە ئەمەیان لەگرتنەبەری ڕێوشوێنی دارایی کارێکی خوازراو نییە. ئەمەش کێشەیەکە نەک تەنیا عێراق و هەرێمی کوردستان پێیەوە دەنالێنن بەلکو هەموو وڵاتانی گرتۆتەوە. هەرچی کێشەی نەوتیشە کە بۆ بەندەری جیهان ڕەوانە دەکرێت حکوومەتی بەغدا ئاگای لە وردودرشتی حیسابەکە هەیە، فەرمانبەران یا نوێنەرانی کۆمپانیای سۆمۆ بە کۆمپیوتەر لیتر بە لیتری نەوتەکە جا هی هەرێم یا عێراق بێت حیساب دەکەن، لەبارەی نارەنی 250هەزار بەرمیل چاوپێدوتنەکەی ئەم دواییەی شاندی هەرێم لەگەلّ بەرپرسانی حکوومەتی فیدرالّ بەڕێککەوتنێکی لەمجۆرە گەیشتوون.

لە وەلامی پرسیاری نارەنی کۆمەکی دارایی و داوەرمان لەلایەن حکوومەتی فیدرالّەوە بۆ هەرێم بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی پەتای کۆرۆنا، سکرتێری مەکتەبی سیاسی گوتی بە پێی لێدوانەکانی بەرێز وەزیری تەندروستی و سەردانەکەی بەرێز وەزیری تەندروستی عێراق بۆ هەرێم و بە پێی زانیارییەکانم زیاتر لە جارێک بەغدا بە گوێرەی ئەو توانایەی لەبەردەستیدا هەبووە، یارمەتی نارەدووە، چونکە دەبێت توانا سنووردارەکانی بەغداش لەکەرەستەو بودجەی پێویست بۆ کۆرۆنا لەبەرچاو بگرین، هەرێم لە یارمەتی و کەرستە پزیشکییەکان بێبەش نەکراوە، بەلام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بپرسین ئایا هەرێم و عێراق بەگشتی لە ئاست پەتای کۆرۆنا لە ڕەوشێکی باشدان، بە تەئکید دەڵێم نەخێر.

لە وەلامی هۆکاری ناکۆییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی و کێشەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە گشتی، میرانی گوتی؛ بەداخەوە میژووی گەل و نەتەوەکان زۆر کێشەی لەمجۆرەی بەخۆوە بینیوە، وەک ئەوەی لە یەمەن و لوبنان و لیبیاو سوریاو پێشتریش لە ئەمەریکا ڕوویدا، هیوادارم لەهیچ وڵاتێک ڕووندەداتەوە، بزووتنەوەی کوردیش بەشێکی بەرکەوتوو، جا بەهۆکاری خودی یا دەرەکیی بێت، وەک وتم ئێمە قوربانی جوگرافیای سیاسین و ڕەنگە وڵاتانی هاوسێش هەندێ جار بەنزین بە ئاگرەکە داکەن، هیوادارم سەرکردایەتی کورد سوود لە ڕابردوو وەربگرێت خۆیندنەوە بۆ واقیعی ئێستا بکەن بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنێن.

لە پرسیاری ئەوەی کرۆکی ناکۆییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی ناسنامەو ئایدیۆلۆژییە، لایەک بە هەر نرخێک بێت هەوڵ بۆ سەربەخۆیی دەدات، بەلام لایەکەی دیکە پێی وایە ئەو دەستکەوتانەی ئێستا بەدەست هاتوون بەسەو پێویستە لە عێراق دانەبڕێن؟ میرانی گوتی؛ لە هەقیقەتدا ژمارەی ئەوانەی پێیانوایە ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون کیفایەتە زۆر کەمن، گەل هیواو مافی هەیە، هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف بە ئاواتی مافی چارەی خۆنووسین و دروستکردنی دەوڵەتە، بۆچی بۆ هەندێ حەلالّەو بۆ کورد حەرامە؟ زۆربەمان پابەندی ئایینی ئیسلامین کە فەرمودەکی باو هەیەو دەڵێت: هیچ کەسێ ئیمانی تەواو نابێت تا ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆش نەبێت. ئایا جیهانی عەرەبی و ئیسلامی ئەوەی بۆخۆیان پێ خۆش بوو بۆ برای کوردیشیان پێ خۆشە؟ نەتەوەی عەرەب بەسەر 22 وڵات دابەشبوون کە ڕووبەری هەندێکیان لە شارێکی کوردستان بچووکترە!

لە بارەی کێشەی کەرکووک دەرهاوێشتەی ئەم عەقلییەتەیە. مادەی 140 مادەیەکی دەستوورییەو کورد بەتەنیا داینەڕشتووە، کە خرایە دەنگ دان گەلی عێراق دەنگی پێ دا، کاتی هەولّی جێبەجێ کردنی درا دەنگ لە دژی بەرزکرایەوە، هەرچەندە مادەیەکی دەستوورییەو لێکدانەوەی جیا هەلّناگرێت. دەسەلاّتی جێبەجێ کردن لە جێبەجێ نەکردنی ئەم مادە کە پێشکەشکار دوای ئەوەی باسی لە گرنگی و بایەخی شارەکەی کرد بەو پێیەی 40%یەدەگیی نەوت و 70%یەدەگیی غازی عێراقی تیایە، بە هۆکاری سەرەکیی و کرۆکی ناکۆکیی نێوان بەغداو هەرێمی ناوبرد، ئینجا پرسی ئایا ئێوە لەو هێزە ناترسن کە حکوومەتی کازمی بە بیانووی ڕاوەدوونانی تیرۆریستان بۆ شارەکەی نارەدووە؟ میرانی گوتی: کێشەی ئێمە کێشەی کەرکووک نییە، کێشەی ماددەی 140نییە، بەلّکو کێشەی ئێمە لەگەلّ عەقلییەتی ئەوانەیە کە دەسەلاّت بەدەستەوە دەگرن لەسەرەتای دروستبوونی عێراقەوە تا ئێستا، کێشەکە لە نەبوونی عەقلّییەتێکە لەوە تێبگات کە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیەکی خاوەن ڕەگ وریشەو زمان و کلتوورو جوگرافیا و ئابووریە لە ناوخۆدا یا لە ئامێزی نیشتیمانی عەرەبی، هیواخوازبووم برا عەرەبەکان دەستپێشخەریان بۆ چارەسەکردنی کێشەی کورد بکردبوایە و دانیان بەمافەکانیان بهێنابوایە، کێشەی کەرکووک و مادەی 140ی دەستوور دەرهاوێشتەی ئەم عەقلییەتەیە. مادەی 140 مادەیەکی دەستوورییەو کورد بەتەنیا دایڕشتووە، کە خرایە دەنگ دان گەلی عێراق دەنگی پێ دا، کاتی هەولّی جێبەجێ کردنی درا دەنگ لە دژی بەرزکرایەوە، هەرچەندە مادەیەکی دەستوورییەو لێکدانەوەی جیا هەلّناگرێت. دەسەلاّتی جێبەجێ کردن لە جێبەجێ نەکردنی ئەم مادە دەستوورییە بەرپرسیارە.

پێشمەرگە شاری کەرکووکی داگیر نەکردووە، بەلّکو کاتێ لە ساڵی 2014سوپای عێراق لە کەرکووک کشایەوە، ئەگەر بەرگریکردنی پێشمەرگە نەبووایە داعش دەستی بەسەر شارەکە دادەگرت، پێشمەرگە بوو بە بێ جیاوازی بەرگری لە دانیشتوانی شارەکە، بە عەرەب و کوردو تورکمان و ئاشووری و ئەرمەناکان کرد، ئەمە ڕاستییەکی میژوویی و خەلّکی شاری کەرکووکیش گەواهی ئەم ڕاستییە دەدەن.

بەلام ئەوەی لە ساڵی 2017 ڕوویدا ئەمە بابەتێکی دیکە بوو، ئێستا ئێمە وەک کورد ڕازین ماددەی 140ی دەستوور جێبەجێ بکرێت لەناوچە کێشەلەسەرەکان ڕاپرسییەکی دادپەروەرانە بەسەرپەرشتی دەستەی هاوبەش لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و نەتەوەیەکگرتووەکان.. تاد، ئەنجام بدرێت، خەلّکەکە ئازادانە بڕیار بدەن، دانیشتوانی کەرکووک مافی خۆیانە بڕیار بدەن لەسەر چارەنووسی شارەکەیان ئایا بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان یا لەگەلّ حکوومەتی فیدرالّی هێنناوە. دەربارەی بوونی نەوتیش لە کەرکووک، کورد هەولّ بۆ پاراستنی یەکپارچەیی جوگرافیەکەی دەدات، کێشەکە کێشەی خاکە نەک نەوتەکەی. لێردا پێشکەشکار بە میرانی دەڵێت من پێشنیارێکم لایە و کێشەی کەرکووک کە کێشەکە چارەسەر دەکات، پێشنیارەکەم ئەوەیە بە خاکی کەرکووک بۆ کورد بێت و نەوت و غازەکەشی بۆ بەغدا. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی بە بۆچوونی من ئەگەر پێشنیارێکی وا بخرێتە ڕوو ئەوە پیمایە سەرکردایەتی کورد پێی ڕازی دەبێت. چونکە ئێمە بەدوای نەوتەوە نین بەلّکو بەدوای خاکی خۆمانین، هەتا لەکاتی دەوڵەتی عوسمانی کەرکووک لە نێو کوردستان دابوو کە ئەو کات بە ویلایەتی موسل ناودەبرا.

لە وەلامی پرسیاری ئایا داوا لە کازمی دەکەن تا جێبەجێ کردنی مادەی ?140شارەکە لە ڕووی ئیداری و سیادەو جوگرافی سەر بە هەرێمی کوردستان بێت، لەبەرامبەردا نەوت غازەکەشی بۆ بەغدا بێت؟ میرانی گوتی، من لە پێگەیەکی وادا نیم بتوانم بەتەنیا بڕیاری لەسەر بدەم، چونکە ئەمە پەیوەندی بە نەتەوەو سەرکردایەتی کوردو بۆچوونی تورکمان و ئاشوورییەکانەوە هەیە، بۆ زانیاریت بە پێی پەیوەندیم بە بەرێز وەزیری دەرەوەی عێراق، لە چەند ڕۆژی داهاتوو بەرێز مستەفا کازمی سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات کۆمەڵێک بابەت دەخرێنەڕوو، بەلام بەرێز کازمیش ناتوانێت لەیەک سەردانداو بڕیارێکی لەمجۆرە بدات، چونکە پێویستە سەکردەکانی دیکەی عێراقیش بڕیاری لەسەر بدەن، چونکە عێراق چەندین نەتەوەو ئایین و تیرە لە خۆ دەکرێت و سیستەمی عێراق پەرلەمانییە و ئالۆزە ئەگەر ڕێککەوتنێکی لەوجۆرە لە ساڵی 2003بووایە ڕەنگە بکرابووایە.

ئا: خالید گەردی

پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشوازی لە کونسوڵی فەخری کۆماری قوبرس دەکات



هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هەڤالانی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە میانی پێشوازیکردنیان لە دکتۆر ئیبراهیم سندی، کونسوڵی فەخری کۆماری قوبرسی یۆنانی نشین هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی وەک کونسوڵی فەخری کۆماری قوبرس لە هەرێمی کوردستان و هەوڵ و پشتگیرییەکانی کۆماری قوبرسی لە ڕوو بۆ بەردەوام بە پشتگیری و هاوکاریکردنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو بەرز نرخاند و هیوای خواست لە ئایندە دا ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و کۆماری قوبرس لە بەرژەوەندی هەردوو لا دا بێت. لە لایەکی تریشەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک) هەموو هاوکاری و هەماهەنگییەکی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستانیشی بۆ کونسوڵی فەخری کۆماری قوبرس خستە گوزەرانی ژیانی خەڵک لە کوردستان و ناوچەکە و جیهان و هیوایان خواست جیهان بە گشتی زاڵ ببێت بەسەر مەترسییەکانی ڤایرۆسەکە دا و ژیان و چالاکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاسایی ببێتەوە.

هەرێمی کوردستان و بەغدا ، شەڕ و قەیران لە ناوچەکە دا و کاریگەرییەکانی پەتای (کۆڤید -19) لەسەر پەیوەندییەکانی دەرەوە و گەشەپێدانی ئابووری و بازرگانی و سەرجەم کەرتەکانی تر و بەتایبەتی قوبرس هیوای خواست دوای کەمبوونەوەی مەترسییەکانی ڤیرۆسی (کۆڤید -19) پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و گەشەی زیاتر بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری قوبرس بدرێت کە چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیک دا لە ئاستی بالاّ شاندی قوبرسی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. لە دیدارەکە دا هەر وا بە فراوانی گفتوگۆیەکی تێر و تەسەلّ کرا لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە ، پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و بە تایبەتیش بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە ساتی شەڕی داعش دا کە مەترسییەکی یەکجار گەورەبوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان و گەلاّنی ناوچەکە و جیهان.

کونسوڵی فەخری کۆماری

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا:

هەولێر دەیەوێت لەڕێی گفتوگۆوە کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات

هەموو زانیارییەکانی تایبەت بە هەناردەکردنی نەوت بەشێوەیەکی شەفاف رادەستی حکوومەتی بەغدا کراوە

دەبێت هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکوومەتی هەرێم لەژێر سەرپەرشتی حکوومەتی فیدراڵدا بێت

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا رایگەیاند، سەرقاڵبوونی هەرێک لە حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ هەڵی ئەوەی نەدا هەولێر و بەغدا لەسەر زۆر بابەت بگەنە رێککەوتنی کۆتایی. فارس عیسا لە لێدوانێکدا باسی لە هەوڵەکان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و چاوەڕوانییەکانی هەرێم لە کابینەی مستەفا کازمی کرد.



سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەبارەی کێشەی نەوت بکات، بەڵام پێویستە لەسەر ئەم بابەتە بگەنە رێککەوتنی کۆتایی. دەبێت هەناردەکردنی نەوت بە شێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکوومەتی هەرێم لەژێر سەرپەرشتی حکوومەتی فیدراڵدا بێت.

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دوو جۆر دانوستانیان ئەنجامداوە، جەختی لەوەشکردەوە کە گەیشتنە چارەسەری کۆتایی کێشەکان لەگەڵ کازمی پێویستی بە ئیرادەیەکی راستەقینە هەیە.

فارس عیسا لەبارەی لە کێشەی نەوت گوتی: پرسی نەوت یەکێکە لە ئاڵۆزترین پرسەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کە زووزوو دەبێتە جێی مشتومڕ. لە سەرەتاوە حکوومەتی هەرێم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەوە نەبووە کە حکوومەتی فیدراڵ کاندیدکردنی و پێکهێنانی حکوومەتدا پشتیوانی کازمیمان کردووە.

ناوبراو ئەوەشی وەبیرهێنایەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دوو جۆر دانوستانیان ئەنجامداوە، جەختی لەوەشکردەوە کە گەیشتنە چارەسەری کۆتایی کێشەکان لەگەڵ کازمی پێویستی بە ئیرادەیەکی راستەقینە هەیە.

فارس عیسا لەبارەی لە کێشەی نەوت گوتی: پرسی نەوت یەکێکە لە ئاڵۆزترین پرسەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کە زووزوو دەبێتە جێی مشتومڕ. لە سەرەتاوە حکوومەتی هەرێم هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەوە نەبووە کە حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی گەیشتینە کۆمەڵێک ڕێککەوتنی جددی بەڵام بەداخەوە بەهۆی گەیشتنە بنبەستی سیاسەت لەو قۆناغەدا و دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان لە بەغدا و نۆ پارێزگای ناوەڕاست و باشووری عێراق، عەبدولمەهدی و کابینەکەی ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە بوون.

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا لەبارەی هەوڵەکان بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان لە ماوەی ڕابردوودا باسی لەوە کرد کە سەرقاڵبوونی هەریەکە لە حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێم بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ هەڵی ئەوەی پێنەداون لەسەر زۆر بابەت بگەنە رێککەوتنی کۆتایی، هیواشی خواست لە 2020و قۆناغی دواتردا پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە سەقامگیری ببینێتەوە.

فارس عیسا بەشێوەیەکی ئەرێنی باسی لە کابینەکەی مستەفا کازمی کرد و گوتی: کازمی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق پەیوەندییەکی باشی هەیە و خاوەنی تێڕوانینێکی نیشتیمانییە. بەتایبەت لەبەر ئەوەی مستەفا کازمی سەرەتای قۆناغی وەستاندنەوەی لە دژی سەدام حوسێن لە شاری دهۆک بووە، لە هەموو ڕەهەندەکانەوە ئاگاداری پرسی کوردە لە عێراق. ئەمەش بۆ ئێمە مایەی ئومێدە هەربۆیە لە قۆناغی سەردانی بەغدا بکات و لەبارەی پرسی موچۆی فەرمانبەرانەوە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بکات.

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا باسی لە پرسی دەروازە سنوورییەکان و دەنگۆکانی دەستگرتن بەسەر دەروازە سنوورییەکانی ناو هەرێمی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە کرد و ڕایگەیاند: دەروازە سنوورییەکانی هەرێم لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندان. لە گومرگ و بەشی کۆنترۆڵی پاسپۆرتی فرۆکەخانەکان کارمەندی سەر بە حکوومەتی فیدراڵ هەن، ئەم سیستەمەش بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو بەڕێوەدەچێت، هەروەها لەبارەی ڕادەستکردنی دەروازە سنوورییەکان و داهاتەکانیان بە حکوومەتی بەغدا دانوستان هەیە.

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا باسی لە پرسی دەروازە سنوورییەکان و دەنگۆکانی دەستگرتن بەسەر دەروازە سنوورییەکانی ناو هەرێمی لەلایەن حکوومەتی فیدراڵییەوە کرد و ڕایگەیاند: "تورکیا لەنێوان سێ هەزار و 500بۆ سێ هەزار و 800چەکداری سووریی بەکرێگرتووە و ڕەوانەی لیبیا کردوون لەماوەی سێ مانگی ئەمساڵدا". ڕاپۆرتەکە لەکاتێکدایە شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە لیبیای دەولەمەند بە نەوت، گەیشتوونەتە لووتکە. وڵاتەکە لەوەدا هەیە هێزی پێشمەرگە وەک هێزێکی ئەمنی بگەڕێتەوە ئەو ناوچانە و بەشداری ئۆپەراسیۆنەکانی بەرگریی لە خاکی وڵات بکات؟ پێمانواییە بەڕێوەبردنی تاکلایەنەی ناوچە جێناکۆکەکان و پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە تەنها لەلایەن حکوومەتی فیدراڵەوە کارێکی سەرکەوتوو بێت.

فارس عیسا ئەوەشی ئاشکرا کرد کە دانوستانەکان لەبارەی گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و بەشداریکردنی لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەردەوامن بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەنجامی کۆتایی.

سەرۆکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، فارس عیسا لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا باسیی لە تێڕوانینی لایەنە کوردییەکان بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت کرد و ڕایگەیاند: عێراق بووەتە وڵاتێک کە بە تونێلێکی تاریکدا تێپەڕدەبێت. لە وڵاتدا لەپاڵ مەترسییەکانی کۆرۆنا و ئەو گرفتە ئابوورییانەی بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت دروست بوون، کێشەی سیاسی جددیش هەن. لە نێوان هەولێر و بەغداد مشتومڕی جددی هەیە. حکوومەتەکەی کازمی کابینەیەکی کاتییە و ئەرکی ئامادەکردنی وڵاتە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت. بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دروستی کردووە کارێکی سەختە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، لەبەردەم حکوومەتدا قۆناغێکی کەمتر لە دوو ساڵ هەیە.

کازمی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و تەواوی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق پەیوەندییەکی باشی هەیە

کەرکووک... گەورە تیرۆریستێکی داعش و یاریدەدەرەکەی دەستگیرکران

ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە گەورە تیرۆریستێکی داعش و یاریدەدەرێکی لە سنووری پارێزگای کەرکووک باکووری عێراق دەستگیرکراون. دوێنێ شەممە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاوی کردەوە کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانیاندا، بەرپرسی دروستکردنی بۆمب بەناو ویلایەتی ڕەشاد سەربە داعش ناسراو بە ئەبو تەها لەگەڵ یاریدەدەرەکەی بەناوی ئەبو موعتەسەم لە ناحیەی ڕەشاد باشووری ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکووک دەستگیرکراون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەستگیرکراوەکان بەپێی ماددەی چواری تیرۆر، داواکراون. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە کە تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان بەشداریان لە چەندین کردەی تیرۆریستی دژبە هێزە ئەمنییەکان لە ناوچەکانی پارێزگای کەرکووک، کردووە. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەشدا ئاماژە بەوە دراوە کە تیرۆریستییەکان دوای وەرگرتنی گوتەکانیان، بە مەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان لەگەڵیاندا ڕەوانەی لایەنی دادوەریی کراون.

پێنتاگۆن: تورکیا نزیکەی 4 هەزار چەکداری بەکرێگیراوی سووریی ڕەوانەی لیبیا کردووە



K24/وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ئاشکرای دەکات تورکیا چوار هەزار چەکداری سووری بۆ شەڕکردن ڕەوانەی لیبیا کردووە. پشکنەری گشتیی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا (پێنتاگۆن) بۆ یەکەمجار ڕاپۆرتێکی لەبارەی هێزەکانی سەر بە تورکیا لە لیبیا بڵاوکردەوە و، ڕایگەیاند "تورکیا لەنێوان سێ هەزار و 500بۆ سێ هەزار و 800چەکداری سووریی بەکرێگرتووە و ڕەوانەی لیبیا کردوون لەماوەی سێ مانگی ئەمساڵدا". ڕاپۆرتەکە لەکاتێکدایە شەڕ و ئاڵۆزییەکان لە لیبیای دەولەمەند بە نەوت، گەیشتوونەتە لووتکە. وڵاتەکە بووەتە شوێنی یەکلاکردنەوەی شەڕی وڵاتانی زلهێز و لەسەر ئەرزیش چەکدارانی بەکرێگیراو شەڕی لایەنە جیاوازەکان دەکەن. لە ڕاپۆرتەکەی پێنتاگۆن سەبارەت بە هەژموونی تورکیا لە لیبیا کە تەنیا باسی چارەگی یەکەمی ئەمساڵ دەکات، هاتووە؛ تورکیا پارەی داوە، هەروەها پێشنیازی پێدانی ناسنامەی وڵاتەکەی کردووە بۆ هەزاران چەکداری بەکرێگیراو کە شانبەشانی میلیشیاکانی نیشتەجێی تریپۆلی لەدژی خەلیفە حەفتەر، فەرماندەی سوپای نیشتمانی لیبیا شەڕ دەکەن.

عێراق.. فەرماندەیەکی باڵای سوپا لە باکووری بەغدا کوژرا

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە لە کردەیەکی تیرۆریستییدا، فەرماندەی لیوای 59ی سوپا، عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدان لە باکووری بەغدا کوژراوە. وەزارەتی بەرگریی عێراق لە هەژماری تایبەتی تویتەر بڵاویکردەوە کە فەرماندەی لیوای 59ی سوپا، عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدان لە میانی ئەنجامدانی ئەرکێکی ئەمنی لە قەزای تارمییە باکووری بەغدا لە لایەن ژمارەیەک تیرۆریستەوە تەقەی لێکراوە و بەهۆیەوە کوژراوە.

هاوکات میدیاکانی خۆجێی بڵاویانکردەوە کە لە ئاکامی کردەیەکی تیرۆریستییدا، فەرماندەی لیوای 59ی سوپا عێراق، عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدان لە ناوچەی بن سینا سەربە قەزای تارمییە باکووری بەغدا کوژراوە. لای خۆیەوە سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدان لەڕێگەی نیشتمانداوە گیانی بەختکردووە و بەڵێنیشی دا کە بکوژانی عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدان دەستگیر بکات و بدرێن بە دادگا. لەمبارەیەوە گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، عەمید یەحیا ڕەسول لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە مستەفا کازمی بەهۆی کوژرانی عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدان، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی عەمید ڕوکن عەلی حەمید غێدانی کردووە.

پرسەنامەی بارەگای بارزانی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، کاک تاهیر باراوی و کاک بارزان باراوی،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک(تاریق شێخ محەمەد باراوی) براتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خەمی ئێوە و خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبووی براتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و خانەوادەکەتان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
• • •
بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی کۆچکردوو کەمال حاجی ئەحمەد دۆڵپەمۆی
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نوسەر و کەسایەتی دیاری شارباژێڕ (کەمال حاجی ئەحمەد) ناسراو بە(کەمال دۆڵپەمۆی)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و ئاشنایانتان دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین کۆچکردوو کەمال دۆڵپەمۆی بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
• • •
بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێز، ئەندازیار سەرهەنگ عەبدلواحید خۆشناو
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(عەتیە ئیبراهیم عەزیز) دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت.
هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین گیانی کۆچکردووی دایکتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایش بە ئێوە ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
• • •
بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان، لە خانەوادەی کۆچکردوو ئاسیا عەلی،
بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(ئاسیا عەلی مەحمود هەرکی)مان پێگەیشت.
سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین، خۆمان بە هاوخەمی ئێوە و دۆست و ئاشنایان و خزمانی هەرکی دەزانین.
لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامیش بە هەموان ببەخشێت.
انا لله وانا الیه راجعون
بارەگای بارزانی

دەستەی وەبەرهێنان: زیاتر لە 200 داواکاری بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان گەیشتووەتە دەستمان



بەڕێوەبەری یاسایی لە دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە 200 داواکاری گەیشتووەتە دەستیان کە داوا دەکەن پڕۆژەی وەبەرهێنان جێبەجێ بکەن و زۆربەیان لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدان.

موخلیس سەلیم، بەڕێوەبەری یاسایی لە دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: سێرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی رایدەگەیەنێت، بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و زیانمەندبوونی جووتیاران، بڕیاریان داوە بەرهەمی پەتاتەی جووتیاران بکڕنەوە.

سیروان محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ژووری بازرگانیی سلێمانی بڕیاری کڕینەوەی بەرهەمی پەتاتەی جووتیارانی پەسند کردووە و، لە ئێستادا دەستیان کردووە بە کڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران، ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ پاڵشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و زیانمەندبوونی جووتیاران و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و پەرەدان بە بەرهەمی پەتاتە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا220 داواکاری لەلایەن کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکانەوە پێشکەش کراوە بۆ ئەوەی پڕۆژەی وەبەرهێنان لە ناوچە جیاجیاکان و لە بواری جیاوازدا ئەنجام بدەن کە زیاتر لە بواری پیشەسازی و کشتوکاڵدان. گوتیشی: ڕاگەیاندنی ئەو پلانەی کە ماوەیەک پێش ئێستا خستمانە ڕوو، هاوکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی ئەو داواکارییانە زووتر پەسند بکرێن و بکەونە واری جێبەجێکردنەوە. موخلیس سەلیم باسی لەوەش کرد: بەنیازین سەرەتا لە بیرۆکەی ناو داواکارییەکان بکۆڵینەوە و دوای پەسندکردنیان و دابینکردنی زەوی بۆیان و هاوپێچکردنی مەرجی لایەنە یەیوەندارەکان پێیانەوە، مۆڵەتیان پێ دەدرێت و ماوەی دوو مانگیان بۆ دادەنرێت بۆ ئەوەی دەست بە کارەکەیان بکەن.

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی دەستەی وەبەرهێنان، بە جێبەجێبوونی ئەو پڕۆژانە، هەزاران هەلی کار بۆ بێکاران دەڕەخسێت، ئەوە وێڕای ئەوەی کە بەرهەم و پێویستیی ناوخۆ بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە.

دەستمان کردووە بە کڕینەوەی بەرهەمی پەتاتە

سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، بۆ پاڵپشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و زیانمەندبوونی جووتیاران، بڕیاریان داوە بەرهەمی پەتاتەی جووتیاران بکڕنەوە.

سیروان محەمەد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ژووری بازرگانیی سلێمانی بڕیاری کڕینەوەی بەرهەمی پەتاتەی جووتیارانی پەسند کردووە و، لە ئێستادا دەستیان کردووە بە کڕینەوەی بەرهەمی جووتیاران، ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ پاڵشتیکردنی کەرتی کشتوکاڵ و زیانمەندبوونی جووتیاران و پاراستنی بەرهەمی ناوخۆ و پەرەدان بە بەرهەمی پەتاتە.

محەمەد ئامارژەی بەوەش دا: هەر تۆنێک پەتاتە بە بڕی 250 هەزار دینار لە جووتیاران وەردەگرین و لە هەنگاوی یەکەمیشدا 125 تۆن دەکڕینەوە، لە ئێستاشدا داوامان لە ئەندامان و بازرگانان کردووە دەست بکەن بە کڕینەوەی بەرهەمی زیاتر بۆ پاڵشتیکردنی جووتیاران و پڕۆسەکەش بەردەوامی دەبێت بۆ ئەوەی زیاترین ڕێژە بکڕینەوە.

سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانی ڕوونیشی کردەوە: لە ئێستادا بەرهەمی پەتاتەی جووتیارانی سلێمانی و هەڵەبجە و بازیان دەکڕینەوە و لە ڕێگای تیمەکانەوە دابەشی سەر ماڵە هەژارەکان و ئەو شوێنانەی دەکەین، کە پێویستە بە خۆڕایی پێیان بدرێت.

سلێمانی... بودجە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی خواردنەوەی هاوواڵتیان دابین دەکرێت



گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی سلێمانی ڕایگەیاند: پڕۆژەی ئاوی دووکان-سلێمانی کە ئاوی خواردنەوەی بەشێکی زۆری گەڕەکەکانی سلێمانی دابین دەکات، بەدەست هەندێک کێشەوە دەناڵێت و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنیی دابینکردنی بڕە بودجەیەکی داوە.

ئامانج جەلال، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی سلێمانی بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: پڕۆژەی ئاوی دوکان - سلێمانی کە لە زێی دووکانەوە ئاوی خواردنەوە بۆ بەشێکی زۆری گەڕەکەکانی شاری سلێمانی دەگوازێتەوە، ساڵانە چەند جارێک لە دەڕەوە و ناوەوەی شاری سلێمانی ئەو بۆڕیە تووشی شکان و تەقین دەبێت و بەو هۆیەوە ماوەی چەند ڕۆژێک دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی ماڵان دەوەستێت.

گوتیشی: دوای ئەوەی گرفتەکەمان گەیاندە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خۆشبەختانە ئەوانیش بەڵێنیی دابینکردنی 100 ملیۆن دیناریان پێدایین، بۆیە دوای گەیشتنی پارەکە و ڕووپێوکردنی گرفتەکان، دەست دەکەین بە چاککردن و نۆژەنکردنەوەی هێڵی ئاوەکە، بەوەش بۆ ماوەیەکی باش گرفتی شکانی هێڵەکە و وەستانی دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی هاوواڵتییان چارەسەر دەبێت.

چوار ڕێستۆرانتی گەشتیاری لە سلێمانی داخران

قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند: بەهۆی سەرپێچی کردن لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی چوار ریستۆرانت تا کاتێکی نادیار دادەخات. **کوردۆ عەزیز، سەرۆکی لیژنەی ریستۆرانتی سەر بە لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ڕایگەیاند:** بەهۆی پابەند نەبون بە مەرج و ڕێنماییەکانی تەندروستی و سەرپێچیکردن لە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لیژنەکە پێنج ریستۆرانتی گەشتیاری لە شاری سلێمانی دادەخات. گوتیشی: ریستۆرانتەکانی (مینا، بیکسپێندەر، ئەوتار زەهەبی و چاینینا) بەبڕیاری قائیمقامی سلێمانی تا کاتێکی نادیار دادەخرێن و لیژنە هاوبەشەکانیش خاوەنەکانیان ڕوبەڕوی ڕێکاری یاسایی دەکاتەوە.

داوای کەمکردنەوەی نرخی نۆرینگە پزیشکییەکان دەکرێت



داوای کەمکردنەوەی نرخی نۆرینگە پزیشکییەکان و دەرمان لەهەرێمی کوردستان دەکرێت و بۆ ئەم مەبەستەش، 61 ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیی و زیاتر لە 250 چالاکوان و کەسایەتی سنووری پارێزگای سلێمانی لە یادداشتێکدا کە ئاراستەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی-یان کردووە، داوا دەکەن نرخی نۆرینگە پزیشکییەکان، سۆنەر و دەرمان کەمبکرێتەوە. لەم بارەیەوە هیوا عەبدوڵڵا ،چالاکوانی مەدەنی کە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا بە ناوی ئەنجوومەنی فشار قسەی بۆ میدیاکاران کرد و گوتی: نرخەکان وەک ساڵانی پێشووە کە ئەو کات بارودۆخی دارایی باش بووە و مووچە هەبووە و بازاڕ جوواڵەی تیادا بووە، بەڵام ئێستا دۆخەکە وا نییە و ئەوە گرانییە، مەبەستیشمان دژایەتیکردنی پزیشکان نییە، بەڵام بەرژەوەندی خەڵک ئەوەیە و دەبوایە بەرلە ئێمە پزیشکە بەرێزەکان ئەو هەنگاوەیان نابا. گوتیشی: سەردانی هەریەکە لە قایمقامی سلێمانی، لیژنەی تەندروستی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی-مان کردووە، هەروەها لەگەڵ سەندیکای پزیشکانیش کۆدەبینەوە و لە هەولێریش سەردانی پەرلەمان دەکەین و لەگەڵ وەزیری تەندروستیی دادەنیشین.

بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان:

هیچ مەترسییەک لەسەر بەنداوەکە نییە

ڕەحمان خانی، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: لە سەرەتای دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخانەوە ئەو کێشانە هەر هەبوون، ڕۆژانە کارمەندەکانمان بەدەم ئەو کێشانەوە دەچن و چاکیان دەکەنەوە ئەوەی شەوی ڕابردووش ڕوویدا هیچ مەترسییەکی دروست نەکردووە.

ئەو ڕوونکردنەوەیەی بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان دوای ئەوە دێت، ڕۆژی هەینی 17-7-2020 لە هەژماری تایبەتی بەندەکە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ڕایگەیاندبوو، گەلەری بەندەکە بەهۆی کێشەی پەمپەکانییەوە ئاوێکی زۆری تیا کۆببووەوە، سەرباڕە ونەکانی بەندەکە دەربەندیخان لە کاژێر 02:00ی شەو دابەزیونەتە بنی بەندەکە بۆ بەتاڵکردنەوەی گەلەرییەکە.

لەو ڕاگەیێندراوەی بەندەکە دەربەندیخاندا ئامارژە بەوە کرابوو ئەو فەرمانبەرانەی چوار مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، ڕەحمان خانی باسی لەوەشکرد، مووچەی ئەوان لە ساڵی 2017ەوە لەسەر حکومەتی عێراقە، بەڵام ئەوە چوار مانگە مووچەمان وەرنەگرتووە. بەڕێوەبەری بەندەکە ئاماژەی بەوەش دا، ئەو پەمپانەی کە ڕۆژانە دەیانکاتە ئاو بۆ ناو گەلەری بەندەکە، ئەوە ئاوەکەی ناو گەلەری بەندەکە نییە، بەڵکو ئاوی ئەو ڕووبارەیە کە بەسەر بەندەکەدا دێتە خوارێ.



ڕەوشەنبیر و هەڵبەستڤانێ دەڤەرا بەهدینان ماموستا سدیق شەرۆ وەغەرکر



خەبات- دهوك:

ل ڕۆژا 14-7-2020 و ژئەگەرێ نەخوشییەکا دووم دڕێژ ڕەوشەنبیر و هەڵبەستڤان و ڕۆژنامەنڤیسێ بەرهەمداریێ بەرنیاسێ دەڤەرا بەهدینان ماموستا سدیق شەرۆ وەغەر کر و ب شەڤ دڕێورسمەکێ هەژی دا ب ئاماژەبونا ژمارەکا هەڤاڵ ودوست و کەسوکار وڕەوشەنبیرێن دەڤەرێ ل گورستانا شاخکێ ل باژێرێ دهوکێ هاتە ڤەشارتن.

ماموستا سدیق شەرۆ ل سالا 1954 ژدایك بویە وخاندنا خو یا سەرەتایی وناڤنجی وئامادەیی ل باژێرێ موسڵ ب دوماهی ئینایە پاش پشکا زمانێ عەرەبی ل کولیژا ئادابێ ل زانکویا موسل ب دوماهی ئینایە ل سالا 1977 وەکو ماموستایێ کەرتێ پەروەردێ هاتیە دامەزراندن وانە ل چەندین قوتابخانێن باژێرێ دهوکێ پێشکێشکر ینە .

خودێ ژی رازی، خزمەتێن جوراوجور د بواریّ ڕەوشەنبیری ورۆژنامەڤانی و پەروەردەییدا پێشکێشکرینە وچەندین دەق و نڤیسین دواریّ سینەما و دراماییّ دا بەرهەئینانە و چەندین هەڵبەستێن وی بوینە ستران و ژسالا 1999هەتا 2005ێ ڕێڤەبەرێ هویا راگەهاندنا ڕێڤەبەریا گشتی یا پەروەردا پارێزگەها دهۆکێ بویە هەروەسا پشتی سەرهلدانێ گەلەك بەرنامە بو رادیو و تەلەڤزیونێن دەڤەرێ ئامادە وپێشکێشکرینە و نڤێسین وگوتار ل گەلەك ڕۆژنامە و کوڤارا بەلاڤکرینە و 6 دیوان وڕومان ونڤێسینێن وی یێن ئەدەبی هەنە و نەهاتینە چاپکرن .

ل 1-1-2019-5 ژبەر خەبات ومانديبونا وی دبواریّن ڕەوشەنبیری وئەدەبی دا ناهەنگەکا ڕێزگرتنێ ژلایێ جڤاتا پارێزگەها دهۆکێ وب هەڤکاریا چەند سازیێن ڕەوشەنبیری بو هاتبو گێران .

ل سالا 2015ێ توشی جەڵتەکێ بویە وشەش ساڵ ب دەردێ وێ نوخوشیێ دەربازکربون وب مخابنیڤە ل ڕۆژا 14-7-2020وەغەرا دوماهیێ کر.



هەڵمەتی بڕینی سەرپێچییەکانی سەر تۆڕی ئاوی نیشتیمانی دەستپێدەکات

هەڵمەتی بڕینی ئەو سەرپێچیانەی کراوەتە سەر تۆڕی ئاوی نیشتمانی دەستپێدەکات و لیژنە تایبەتمەندەکان لە پارێزگای هەولێر ئاگاداری هاووڵاتیان دەکەن تا 23 ئەم مانگە، سەرپێچییەکانیان لاببەن ئەگەر نا ڕووبەڕووی سزای یاسای دەبنەوە.

لەم بارەیەوە نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر دەڵێت: هەڵمەتەکە فراوانەوە هەرکەسێك سەرپێچی کردبێت، سزادەدرێت و بە بڕینی ئەو سەرپێچیانەش ڕێژەی پێدانی ئاو بە هاوڵاتیان زیاد دەکات. دووپاتیش دەکاتەوە، کەمئاوی لە هەندێ گەڕەکی هەولێر بەهۆی ئەو سەرپێچیانەوەیە کە کراوەتە سەر تۆڕی ئاو، لەم هەڵمەتەدا کۆتایی بە سەرجەم ئەو سەرپێچیانە دەهێنن. هاوکات ئاری کاکە، بەڕێوبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێریش دەڵێت: ئەو سەرپێچیانەی کە کراوەتە سەر تۆڕی گشتی ئاو کێشەی کەمی ئاوی دروست کردووە، و دروستکردنی باخچەیەکی زۆر لە بەشێك لە گەڕەکەکان بووەتە هۆکارێك بۆ بەهەدەردانی ئاوی نیشتمانی. لە 23 تا 25 ئەم مانگە هەڵمەتی بڕینی سەرپێچییەکانی سەر تۆڕی ئاوی نیشتمانی لە لایەن پارێزگاری هەولێرەوە دەستپێدەکات، بە ئامانجی ئەوەی سەرجەم ئەو سەرپێچیانەی ئەنجامدراوە لاببرێن، هەر کەس و لایەنێکیش لە ماوەیە دیاریکراودا ئەو سەرپێچیانە لانەبات، بە پێی یاسا سزا دەدرێت و ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

ئەو جووتیارانەی زەوییەکانیان بەر ماستەڕپلانەکان کەوتوون قەرەبوو دەکرێنەوە

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا، پێشنیازی هاوبەشی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی کرد بە بڕیار بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو جووتیارانەی زەویەکانیان بەر ماستەڕپلانەکانی حکوومەت کەوتووە.

موفیدە یونس، ڕاوێژکاری یاسایی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئاماژە بەوە دەدات، قەرەبووکردنەوەی جووتیاران بە پێدانی پارچە زەوی دەبێت، کە بە پێی یاسا بۆ زەویە گرێبەستەکان و زەویە مۆلکەکان دیاریکراوە.

بەگوێرەی یاسا کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە قەرەبووی لە3% بۆ زەویە گرێبەستەکان، لە12% بۆ زەویە کشتوکاڵییەکان و لە 20% بۆ زەویە مۆلکەکان دیاریکراوە.



مۆلکەکان دیاریکراوە، قەرەبووکەش پارچە زەویە و بە جووتیارانی خاوەن ماف دەدرێت، ئەگەر دار و درەخت و خانووبەرەشی لەگەڵدا بێت بە پارە قەرەبوودەکرێنەوە، تا ئێستاش بەهەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆك 130 گوند بەر ماستەر پلانی حکومەت کەوتوون.

لە ساڵی 2018ـەوە ڕاییکردنی مامەڵەی قەرەبووکردنەوەی زەوی جووتیاران بەهۆی قەیرانی داراییەوە بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران اوەستاوە، ئێستا بڕیار دراوە دەست بە ڕاییکردنی مامەڵەکانیان بکرێتەوە، دوای گەیشتنی نووسراوی فەرمی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش بۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ڕاییکردنی مامەڵەکان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.


بڕیارە لەمڕۆوە کاری پارێزەران لە دادگا دەستپێبکاتەوە

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆرێك لە کاری پارێزەران لە دادگاکان وەستابوو و سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانیش ڕایدەگەنێت لە ڕۆژی یەکشەممەوە 19-7-2020 پارێزەران دەتوانن کاروبارەکانیان ڕایی بکەن و بەپێی ڕێنماییە تەندروستییەکان سەردانی دادگا بکەن.

لەمبارەوە ئەیاد کاکەیی، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، سەرجەم کار و چالاکی و داوی پارێزەران وەستابوون، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا بەردەوامە و ژیانیش بەردەوامە و پێویستە بە ڕەچاوکردنی خۆپارێزی، پارێزەران کارەکانی خۆیان ڕایی بکەن و هاوڵاتیانیش مافەکانی خۆیان وەربگرن.

ئەیاد کاکەیی ڕاشی گەیاند: پارێزەران لە ڕۆژی یەکشەممەوە 19\7\2020وە بە مەبەستی ڕاپەراندی ئەم کارانە دەتوانن سەردانی داگا بکەن، بەڵام بە پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان.

تەرمی گەنجێک لە زێی گەورە دۆزرایەوە



تیمەکانی بەرگریی شارستانیی خەبات تەرمی گەنجێکیان لەناو زێی گەورە لە سنووری قەزای خەبات دۆزیەوە. لەم بارەوە سەرچاوەیەك لە بەرگری شارستانی خەبات بە کوردستان تیڤی ڕاگەیاند: تیمەکانی ژێرئاوی بنکەی بەرگری شارستانی قەزای خەبات توانیان ڕۆژی هەینی 17-7-2020 تەرمی گەنجێك بەناوی (دیسەم عبدالعزیز پیرۆ) لەناو ئاوی زێی گەورە بدۆزنەوە، کە پەنابەری کوردی ڕۆژئاوایە. وتیشی: ئێستا تەرمەکە ڕەوانەی بەشی پزیسکی قەزای خەبات کراوە بۆ لێکۆڵینەوەو دواتر ڕەوانەی پزیشکی دادی دەکرێت لە شاری هەولێر.



شۆفێری تاکسییەك
لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لەدەستدا

فازل حاجی گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: کاتژمێر 7ی ئێوارەی پێنجشەممە 16-7-2020 ڕووداوێکی هاتووچۆ ڕوویداو لە ناکامدا شۆفێری تاکسییەك گیانی لەدەستدا. ڕاشیگەیاند: ڕووداوەکە لە دەروازەی هیران سیتی لە نێوان دوو تۆزتمبیل لە جۆری تۆیۆتا سالۆنی تایبەت و تاکسییەکدا ڕوویداوە و لە ئەنجامیشدا شۆفێری تاکسییەکە گیانی لەدەستداوە. ئاماژەی بەوەش کرد لایەنی خەتابار شۆفێری تاکسییەکە بووە و لە کاتێکدا ڕوویداوە کە تاکسییەکە ویستوویەتی لەڕێگای لاوەکییەوە بێتە سەر ڕێگای سەرەکی و پاشانیش خۆی بە تۆیتا تایبەتەکەدا کێشاوە.

بەڕێوەبەری گشتیی باج:

ڕێگە نادەین هیچ کەسێک خۆی لە پێدانی باج بدزێتەوە

بەڕێوەبەری گشتیی باج لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوە بە باج لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن، بۆ ئەم باجدانەش زیاتر تەرکیز لەسەر خاوەن باڵاخانەی گەورە و خاوەن کۆمپانیاکان دەکەن، کە فێڵێکی زۆر دەکەن و خۆیان لە باجدان دەدزنەوە، بۆیە ئەگەر پێداچوونەوە بە باجدا بکرێت، داهاتێکی زۆر بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە.

کەمال وەرتی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئەو باجەی لە هەرێمی کوردستان وەردەگیرێت، بەڕاورد بە وڵاتان و بەغداش، زۆر کەمترە و زۆرێك لەوانەی داهاتێکی کەمیان هەیە یان دیاریکراوە، هەر باج نادەن، چونکە بەشی بژێویی ژیانی خۆیان ناکات و ئێمە دەمانەوێت پێداچوونەوە بەو شێوێنانە بکەین کە باڵاخانە و کۆمپانیای گەورەن و خواپێداو و دەوڵەمەندن تا باج بە تەوای بدەن ،بۆیە دەمانەوێت بە جۆرێك ڕێکی بخەینەوە کەس نەتوانێ خۆی لە باجدان بدزێتەوە. وەرتێ گوتیشی: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەوانەی کەمدرامەتن زیاتر هاوکاری بکرێن نەك باجیان لێ وەربگیرێت، بەڵام بۆ نموونە سەرتاشێك یان نانەواخانەیەك باج لەسەریان یاخود نییە یانیش ڕێژەیەکی زۆر کەمە و کاریگەری لەسەریان نابێت، بۆیە لەسەر شێوێنە گەورەکان تەرکیز دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین داهاتی ڕاستەقینەی ئەوان چەندە، چونکە شێوێنە گەورەکان و مۆلکەکان و کۆمپانیاکان داهاتیان بە کەمی دەنوسن، بۆ ئەوەی خۆیان لە باج بدزنەوە و شێوێن هەبووە باجێکی کەمی ساڵانە داوە، بەڵام دوای پێداچوونەوە دەرکەوتووە، پێوست بووە 15ملیار دینار باج بدات.

دەشڵێ: ئێمە لە باڵاخانە و کۆمپانیا گەورەکان دەست پێدەکەین، چونکە دوکان هەیە 100 هەزار دینار کرێی نوسیووە، کەچی دەرکەوتووە بە 500 هەزار دیناری داوە، یان هەبووە بە یەك دەفتەر دۆلاری داوە و نوسیوویەتی بە 500 دۆلار داویەتی بە کرێ بۆ ئەوەی باج نەدات، بۆیە ڕێکخستنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت و لە ئێستاشدا کە ساڵانە پارەیەکی کەم بۆ حکوومەت دێت لە باج، ئەوکات دەبێتە داهاتێکی زۆر باش بۆ حکوومەت. ناوبراو باسی لەوەش کرد: ئێمە قورسایی باج ناخەینە سەر کەمدرامەتەکان، بەڵکو دەیخەینە سەر خاوەن باڵاخانەی گەورە و کۆمپانیای گەورە، بۆ ئەوەی هەم سوودیان بۆخۆیان هەبێت و هەمیش بۆ حکوومەت، چونکە ناکرێت خۆیان لە باجدان بدزنەوە و پێویستە باج بدەن و بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێت بەسەریاندا دەربازبێت.

پرسەنامە

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو کەمال دۆڵەپەمووی

خەمبار بووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتیی دەڤەری شارباژێڕ، نووسەر و کادیری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول (کەمال حاجی ئەحمەد) ناسراو بە (کەمال دۆڵەپەمووی).

بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لە خوای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

• • •

بەڕێزان خانەوادەی سەبری عەلی حەیدەر

خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول و گوڵان، خوالێخۆشبوو (سەبری عەلی حەیدەر).

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەموو لایەك ببەخشێت و گیانی کۆچکردووش بە بەهەشتی بەرین شادبکات.

انا لله وانا اليه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

• • •

پرسەنامەی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ کۆچی دوایی هۆزانڤان (سدیق شەرو)
بەڕێزان خانەوادەی ڕۆشنبیر و هۆزانڤان (سدیق شەرو)

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر و هۆزانڤانی ناسراو (سدیق شەرو)مان بیست، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و کەس و کار و بنەماڵەکەتان دەکەین، هەروەها سەرەخۆشی لە نووسەران و هونەرمەندان و ئەدیبان و هەوادارانی خوالێخۆشبوو دەکەین و، خۆمان بەشەریکی خەمتان دەزانین.

ڕۆشنبیر و نووسەر (سدیق شەرو) کەسایەتیەکی دڵسۆز و دیاری بواری هونەری و ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی دەڤەری دهۆکی ئازیز بوو، لە بواری هونەری و ئەدەبی و ڕاگەیاندندا جێدەستی دیارە و خزمەتێکی زۆری بە هونەر و کولتوور و فۆلکلۆری کوردیان کردووە.

هیواخوازین هاوخەمیی هەڤاڵان و دڵسۆزانی بیێتە مایەی دڵنەوایی و سەبووریتان و لە خەم و خەفەتتان کەم بکاتەوە.

دووبارە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان دووپات دەکەینەوە و ئومێدەوارین لە خەم و ئازار و کۆستی دیکە بە دوور بن و جێگای خوالێخۆشبوویش بەهەشتی بەرین بێت...

انا لله وانا اليه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

• • •

هەڤاڵ و میدیاکاری بەڕێز ڕێبوار عەلی حەسەن

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتان خاتوو (تەلیعە فایەق) مان پێگەشت.

بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.

داواکارین لە خودای گەورە سەبر و ئارامی بە هەمووڵایەك ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انا لله وانا اليه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

• • •

بۆکۆچیدوای ژانای ئاینی مامۆستا جەمیل علی، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پرسەنامەیەکی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو کرد، ئەمەی خوارەوە دەقی پرسەنامەکەیە:

بەناوی خوای مەزن و دلۆڤان

بەداخەوە گوێبیستی هەواڵی کۆچیدوایی مامۆستا مەلا جەمیل علی، ژانای ناوداری ئایینی لە شاری هەولێر بووم، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرخۆشی خۆم ئاراستەی خانەوادە و کەس و کاری خوالێخۆشبوو و یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام لە هەرێمی کوردستان دەکەم، داواکارم لە خوای گەورە کۆچکردوو بەبەهەشتی بەرین شادبکات وئارامی بەهەموو لایەك ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

• • •

خانەوادەی خوالێخۆشبوو کەمال ئەحمەد دۆڵەمو

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی نووسەر(کەمال ئەحمەد دۆڵەمووٚ) مان پێگەیشت، بەناوی سەرنووسەر ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمانەوە، سەرەخۆشیتان لێ دەکەین، لە خوای گەورە داواکارین بەبەهەشتی شادبکات و سەبووری و ئارامیتان پێ ببەخشێت، دواناخۆشیتان بێت.

انا لله و انا اليه راجعون

خەبات



بەڕێوەبەرەری پەروەردەی خەبات :



بۆ ئارامی دەروونی قوتابیان و لەسەر ڕێنمایی وەزیری پەروەردە سەردانی هیچ هۆلێکی تاقیکردنەوەمان نەکردووە.

ئەندامێکی پەرلەمان لە لیژنەی پەروەردە :



لەسەر داوای بەڕێز وەزیری پەروەردە سەردانی مەیدانیمان بۆ ناو هۆڵی ئەزموونەکان نەبووە، بەڵام وەک لیژنە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانمان کردووە.



قوتابیانی بەشداربووی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12 :

هیوادارین وەزارەتی پەروەردە لایەنی دەروونی ئێمە لەبەرچاو بگرن



پەدوا داچوون : سەید مەجید بەرزنجی

جیاوازترلە سالّانی پێشوو لەگەڵ دەرکەوتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە هەموو جیهانی بەخۆییەوە سەرقاڵ کردووە جگە لەبواری تەندروستی ,ئابووری وولّاتانیشی دارماندووە . ئەمەش زیانێکی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردن گەیاندووە .نەخاسمە قوتابیانی پۆلی 12 سەرەڕای لایەنی دەروونی قوتابی و بەرزبوونەوەی ئەم پەتاییە قوتابیانی خستۆتە نائارامی بۆیە . بەپێ بریارەکانی وەزارەتی پەروەردە تاقیکردنەوەکان لە 11 تەممووزی 2020 بەڕێوەچوون و تێدا ڕێنمایی خۆپارێزی دەراوە بە قوتابیان و مامۆستایان .لاپەرەی پەروەردەی ڕۆژنامەی خەبات بەدوا داچونێکی کردووە.

مامۆستا مەعروف حەمەد سەعید بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای خەبات، لەوەڵامی پرسیارێکی خەبات دەبارەی ئامادەسازییەکان وتی:

سەبارەت بەدۆخ وکەشوهەوا و ئامادە سازییەکانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان لەهۆڵە ئەزموونیەکانی سنوری پەروەردە ، جیاواز لەگەڵ سالّانی پێشوو ،ئەمڕۆ 11 تەممووزی 2020 یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەی گشتی قۆناغی ئامادەیی خولی یەکەم بەڕێوشوێن و ڕێنمایی توندی خۆپارێزی و پەروەردەیی لەسنوری قەزای خەبات بەڕێوەچوو . ڕێنماییکەران پابەندی ڕێکارە خۆپارێزییەکان بن و بە دەمامک و دەستکێش و دووركەوتنەوە لە بەریەککەوتن لەگەڵ هاوڕێیەکان ئامادەی هۆڵەکانی ئەزموونی ببن, هەروەها لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خەباتیشەوە پێداویستی هۆڵەکان دابینکران و کەشێکی لەبار و سەقامگیر فەراهەم کرا تاکو قوتابیان بە دەروونێکی ئاسوودەوە ولّامی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بدەنەوە. لەسنوری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان قوتابیان لە (46 هۆڵ تاقیکردنەوەکانیان ئەنجام دەدەن کە 25 هۆڵ زانستیە 1178قوتابی تێدایەو و 21 هۆڵی ویژەیی 1340 قوتابی تێدایە کە کۆی گشتی قوتابیانی بەشدار بوولە خولی یەکەم (2518) قوتابی بەشداری ئەزموونەکانیان کردووە و هۆڵەکانیش لەناحیەی داره شەکران , ناحیەی کەورگۆسگ , ناحیەی رزگاری , سەنتەری قەزا , گوندی سەفەیە کاکەیی , کۆمەڵگای سێبران و کانی قرژالەیە . بۆ پاراستنی ئەمنیەتی هۆڵەکان ڕێکای توند گیراوەتە بەر . لیژەوە بەناوی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان سوپاسی ڕێکخراوی ئاڤیار و دەرمانخانەی ڕۆژئاوا دەکەین کە پێداویستیەکانی خۆپارێزیان بۆ مامۆستایان و قوتابیانی ناحیەی کەورگۆسک دابینکردوە هەروەها مامۆستایان وێرای سەختی ژیان و گوزەرانیان ، بەڵام بەئەرکی نشتیمانپەروەری خۆیان هەڵساون بەدڵسۆزییەوە بەڕێوەبەر و چاودێری هۆڵەکانی تاقیکردنەوە دەکەن بۆیە جێگای شانازین . لەلایەکی تریشەوە لیژنەیەک دانراوە لەسەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری هۆڵ بۆ بەئامانەت گەیاندنی پرسیارەکان و هێنانەوەی وەڵامی قوتابیان . جگەلەمەش بۆ ئارامی دەروونی قوتابیان و لەسەر ڕێنمایی وەزیری پەروەردە سەردانی هیچ هۆلێکی تاقیکردنەوەمان نەکردووە.

بەشە جیاکانەوە،ئێمە وەک لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالّا بە شێوەیەکی بەردەوام لە گەڵ بە ڕێوەبەری پەروەردەکان لە سەر هێلین,تاوەکوو ئاگاداری شێوازی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان بین ڕۆژانە، هەرچەند بۆ ئەوەی دەروونی قوتابیانی لە کاتی وەڵام دانەوەی تاقیکردنەوەکان ئارامتربێت و تووشی شڵەژان نەبن,لەسەر داوای بەڕێز وەزیری پەروەردە سەرەدانی مەیدانیان بۆ ناو هۆڵی ئەزموونەکان نەبووە,بەڵام وەک لیژنە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکانمان کردووە،تاوەکوو لەنزیکەوە ئاگاداربین لە ئامادەکارییەکانی تیمی سەرپەرشتیاران و ئامادەکارییەکانیان بۆ ئەم قۆناغە، لە ئەنجامی بودواداچوونمان دلنیا بووین لەوەی کە بە شێوازێکی تەندروستانە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەکان ئامادەکراون و ڕۆژانە لە لایەن تیمی تەندروستی تەعقیم دەکرێن,ژمارەیەکی کەم قوتابی لەناو یەک ژوور یان هۆل تاقیکردنەوەکان ئەنجام ئەدەن و هەر هەفتە دوو وانە تاقیکردنەوە ئەنجام ئەدەن,ئەمەشیان هەم بۆ ئەوەی تەندروستی قوتابیان پارێزراوبیت هەمدیسان دەرفەتێکی زیاتر وفێنک بۆقوتابیان بڕەخسێنن کەدەبینین ئێستا گەرمترین وەرزی ساڵە ،قوتابیانیش دەبێت ڕێکاری تەندروستیکان ڕەچاوبکەن ، نەیەڵن بەرکەوتە ڕووبدات هاوکات دەرفەتێکی جیاوازو باشیشان لەبەردەمە بۆهینانی نمرەی بەرز بۆیە دەبێت بەگرنگیەوە لێی بڕوانن و هەوڵی تەندروستیەکان بۆیە لێرەدا ئەرکی چاودێرانی هۆڵە ئەزموونیەکانە باری دەروونی قوتابیان لەبەرچاوبگرن پەروەردەییانە هەڵسوکەوت بکەن جگەلەوەش پێویستە کەشێکی هێمن و ئارام بۆ تاقیکردنەوەکان دابین بکرێت و ڕێگە نەدرێت هیچ جۆرە دەنگەدەنگێک ڕوبدات کە کاریگەری نەرێنی لەسەر قوتابیان هەبێت.

خاتوو حسیبە گەردی، پەرلەمانتاری کوردستان لەلیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالّا:

بەچاکمانزانی بۆچوونەکانی وەربگرین لەم بارەیەوە ووتی بۆ ئەمسالّی خوێندن 144142 قوتابی بەشداری تاقیکردنەوەی قۆناغی 12ئامادەیی ئەنجام دەدەن بە ئەوەشیان قوتابیان لەچاوەڕوانی ناهێلێتەوە و باری دەروونیان جێگیر دەکا، هیوای سەرکەوتن و سەلامەتی بۆتەواوی قوتابیان و مامۆستایان کەبەودۆخە نالەبارە تەندروستیە و وەرزی گەرمایە لەهۆڵەکانی تاقیکردنەوەدان.

مامۆستا پەیمان عەبدوللا کەریم:

ئەوسالّ جیاواز لەسالّان سالّێکی سەختمان بەڕێوەبرد بەهۆی ئەوپەتایە نوێیە ڤایرۆسی کۆرۆنا گومان لەوەنیە کاریگەری نەرێنی کردە سەر تەواوی سێکتەرەکانی ژیان لەهەموو جیهان بەکوردستانیشەوە پڕۆسەی خوێندنیش بەدەرنەبوو بێ گومان بەدەرنابێت لەوزیانە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئاستی زانستی قوتابیان ، وەک ئاشکرایە وەرزی دووەمی خوێندن نەکرا تەواوبکرێ چەند ڕۆژێک نەبێت کەوانەکانی تیادا خوێندران. ئەبێت پێش هەموو شتێك ڕێنماییەکان چۆنیەتی خۆپارێزی لەکۆرۆنا جێ بەجێ بکەن سەبارەت بە قوتابخانە و شوێنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان ئەبَیت ئەوانیش ڕێنماییەکانی خۆپاریزی ئەنجام بدەن پشکنینی پلەی گەرمی بۆ مامۆستایان وفێرخوازان بکرێت هەروەها مادەی تعقیم واتە پاککەرەوە بۆ دەستەکانیان دابنرێت دانیشتنی نێوان فێرخوازەکان لەهۆڵەکانی تاقیکردنەو مەترێک کەمتر نەبَیت .

قوتابیانی بەشداربووی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12 :

هیوادارین وەزارەتی پەروەردە لایەنی دەروونی ئێمە لەبەرچاو بگرن

دایکی ئایندە قوتابی دەرەکی: لەیەکێك لەهۆڵەکانی تاقیکردنەوەی پۆلی 12 وێرای سالّانێکی زۆر لە بەشدار بوونم لەتاقیکردنەوەکانی دەرەکی بەڵام ئەمسالّ جیاوازتر توانیم بەشداری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی بکەم هەرچەندە دەروونی مرۆڤ بەهۆی قەیرانی دارایی و کێشمە کێشی سیاسیی و بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆیە دڵخۆشم .جیاواز لەسالّانێکی زۆر لە بەشدار بوونم لەتاقیکردنەوەکانی دەرەکی بەڵام ئەمسالّ پێشوو هیچ بەرپرسێك نەهاتە نێو هۆڵی تاقیکردنەوەکان کەبەبۆچوونی من باشترین بریاری وەزارەتی پەروەردە بوو ..داواکارم لەوەزارەت بەووردی و بایەخەوە وەڵامی پرسیاری قوتابیان تەماشا بکەن .هەروەها هۆڵەکانی تاقیکردنەوە بایەخی زۆریان پێدەراوە.

قوتابی نێرگز قەهار مستەفا ـ لە ١٢ زانستی لە ئامادەیی شەهید مامۆستا تارا ووتی: من وەکو قوتابیەکی 12 ئامادەیی کە تاقیکردنەوەی وزاری دەستی پێکردووە لە دڵە ڕاوکی دایە بەهۆی ڤایروسی کۆرۆنا , باری دەرونی مان ناجێگیرە ،بەڵام سوپاس بۆ پەروەردەی خەبات کە ڕێنمایەکانی بۆ تاقیکردنەوە باشن سەبارەت بە مەرجی تەندروستی لە هۆڵەکان هەیە

قوتابی محەمەد یوسف شێخانی لە قوتابخانەی فاخیر میرگەسۆری لەهەولێر وتی:

ئێمە لەهۆڵی زانکۆی جیهانین . هەرچەندە قوتابیان لەدۆخێکی خراپی بلّاوبونەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تاقیکردنەوەکانیان ئەنجام دەدەن ,هۆڵەکانی تاقیکردنەوە جیاواز لەسالّانی تر فێنک بوون بەڵام مخابن زۆربەی قوتابیان ڕێنماییەکانی تەندروستیان جێبەجێ نەکردبوو بەبێ دەمامك و دەست کێش بوون سەرەڕای ئەمەش قوتابیان کورسیەکانیان زۆر لەیەکتر نزیك بوو.



بۆ ئەوەی بڕوانامەکەت نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە

بارزان ئەحمەد سورە

خوێندنی بالّا لەجیهان دا، لوتکەی زانست و زانیاریە، بۆ ئەوەی ئەو شەهادەیەی بەدەست دێ لە کوردستان کۆمەڵێك مەرجی قورس دانراون، جگە لەوەش پارەیەکی زۆر لە زانکۆکان وەردەگیرێت وەك کرێی خوێندن، هەروەها تاقیکردنەوەی توانست، زمانی ئینگلیزی وکۆمەڵێك مەرجی تر.

لە کەمکردنەوەی زمانی دایك نیشانەی هەرەسی زانستییە، چونکە جگە لە زمانی دایك ناتوانرێت هیچ زمانێکی تر وەك خۆی زانستیانە بەکاربێت وسوود وەرگرێت .

بۆیە پێویستە زمانی دایك لە سەرووی هەموو مەرجەکانەوە بێت، چونکە ئێستا لە کوردستان تەنها کەمێك ئینگلیزی بزانی زۆر بەئاسانی دەتوانی ماستەر و دکتۆرا بەدەست بێنی ئەگەرچی کۆڵەوارێکی زۆر خراپیش بیت لەزانست و زانیاری و نووسینیشدا

جگە لەو هەموو مەرجانەی کەهەن و فەرزکراون، پێویستە بۆ کورسیە بەتاڵەکانی، کەپڕبکرێنەوە باشترین ڕێگا چارە بۆ پڕکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکان تاقیکردنەوە بکرێت، باشترین کارتە بۆ ئەوەی لەدوا ڕۆژ و ئێستاش ئەو کەسانەی وەردەگیرێن لەماستەر و دکتۆرا، نەکەونە ژێر پرسیارەوە، لە ڕووی نەفسیشەوە کاریگەری لێ نەکەوێتەوە، بێگومان بەم شێوازی تاقیکردنەوە نەبێت، دڵەڕاوکێ دروستە دەبێت و دەکەونە ژێر گومان هەڵگری ئەو شەهادانە، دواتر بەم شەهادەیە ئاسوودە نابن، چونکە بەشێوازی تاقیکرنەوە نەبێت، ئەوانەی وەردەگیرێن دەکەونە ژێر پرسیارو دواتریش شەهادەکەیان سەدان تۆمەتیان بۆ دروستە دەکرێت .

بۆیە من ئامادەم هەمان پارەی تاقیکردنەوە بدەم بەس تاقیکردنەوە بکرێتەوە.بۆ ئەوەی دواتر نەڵێن بەخێرو ئەولاو ئەولا، بۆ پڕکردنەوەی کورسی بەتاڵ بەناوەڕۆکی زانستی بەتاڵ بۆتە خاوەن ماستەر یان دکتۆرا .

هەرکەسێکیش بەبێ هیچ، کەفائیەکی زانستی ئەو کورسیە بەتاڵانەی پێ پڕ بکرێتەوە شەهادەکەی کۆمەڵێك پرسیاری گومانباوی هەڵدەگرێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری نێگەتیڤی زانستی .



بەڕێوەبەری هۆڵی تاقیکردنەوەکان :

لە هەنگاوێکی نمونەیی وەزارەتی پەروەردە پاش چەند کاتژمێرێک دوای تاقیکردنەوەکان وەڵامی نمونەی ئاشکرا دەکات ئەوەشیان قوتابیان لە چاوەڕوانی ناهێلێتەوە و باری دەروونیان جێگیر دەکا.

مامۆستایانی چاودێر :

ئەرکی چاودێرانی هۆڵە ئەزموونیەکانە باری دەروونی قوتابیان لەبەرچاوبگرن پەروەردەییانە هەڵسوکەوت بکەن.

لە یادی 32 ساڵەی داستانی خواکورک

بەشداری راستەوخۆی سەرۆک بارزانی لە شەڕی خواکورک هۆکاری سەرەکی سەرکەوتن بوو لەم داستانەدا





سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی

یەکێکە لە داستانەکانی بەناوبانگ لە شۆڕشی گوڵان کە درێژە پێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە، کەوتە ناولێوەڕەکانی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد،داستانی خواکورک لە 19-7-1988 دەستی پێکرد، لەو داستانە پێشمەرگەقارەمانەکانی پارتی و کوردستان بۆ دوژمنیان سەلماند کە هیچ کاتێك دوژمن ناتوان بەسەر پێشمەگەردا زاڵ بن. هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی داستانی خواکورک بۆ رۆڵی کاریگەر و بەشداری سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە کە بەڕێزیان سەرپەرشتی داستانەکەی دەکرد شانبەشان لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکان.لەکاتی سەرکەوتنی مەزنی داستانی خواکورک ،کاتێك جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی پیرۆزبایی سەرکەوتنی لە پێشمەرگەکان دەکرد، فەرمووی: بە قەدەر قورسایی چیای سەری کۆراوان شەرەفتان لێ دەبارێ ، بە قەدەر قورسایی چیای کوردستان شەرەفتان لێ دەبارێ ، ئێوە ئیسپاتان کرد کە ئێوە پێشمەرگەی رێبازی بارزانین، ئێوە ئیسپاتان کرد کە برای شەهیدەکانن، بەرگری لە شەهیدان دەکەن، ئێوە موژدەیەکی گەورەتان دا شەهیدان.

داستانی خواکورک داستانێکی مێژووی و قارەمانی بوو،داستانی خواکورک لە شۆڕشی گوڵان درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و شۆڕشەکانی تر بووە، لە پێش داستانەکە شەڕی 8 ساڵی نێوان ئێراق و عێراق راوەستا و قەزیەکەشەڕی پەیوەندی بە دۆزی کوردەوە بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا کە بەرگری لەو ناوچانە بکەن کە پەیوەندی بە کوردستانەوە بێت، سەرۆك بارزانی بڕیار دا کە لە مەنتقەی خواکورک بەرگری بکەن تا بە هەموو لایەك بڵێین شۆڕشی کوردستان بەردەوامە و کیمیاباران و ئەنفال کورد لە ناو نابات و پێشمەرگە هەر لە سەنگەردایە بۆ بەرگری لە خاك و گەلەکەی و بە دەست هێنانی ئازادی بۆ کوردستان، بۆیە پێشمەرگەکان لە گەڵ سەرۆك بارزانی بڕیاران دا بە مان و نەمان بەرگری لە خاکی کوردستان بکەن ،سەرۆك بارزانی راستەخۆ لە گەڵ پێشمەرگەکان لە پێشەوەی سەنگەرەکانی بەرگری بووە،هەمیشە لە گەڵ پێشمەرگەکان بووە و توجیهاتی دەدا پێشمەرگەکان، هەر وەك یەکێك لە پێشمەرگەکانی بەشداربووی داستانی خواکورک باسی دەکرد: کە سەرکەوتنی ئەو شەڕە بۆ بەرێز جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی دەگەڕێتەوە کە هەمیشە لە گەڵ قوەتی پێشمەرگەکان دایە، بۆیە پێشمەرگە هیچ ترسی نەبووە کە برسیەتی و تینیوو،بریندار یان شەهید و دیل دەبێت، پێشمەرگە زۆر بەورە و قارەمانیەتی راوەستان بەرامبەر دوژمن و زەربەری زۆیان لە دوژمن دەدا . بۆیە داستانی خواکورک هەمیشە بۆ دوژمنان سەلماندی کە قەزیەی کورد نەبەستراوەتەوە بە شەڕی ئێران و عێراق، قەزیەکە کوردایەتی و بەرگری لە کوردایەتی دەکەن. لەیادی بەرگری تۆماری داستانی خواکورک نابێت هیچ کاتێك رۆڵی پێشمەرگە قارەمانەکان و بریندارەکان و فەرماندەیەکان و قوەت و هێز و لقەکان و رێکخراوەکانی لە یاد بکەن، لە داستانی خواکورک هێزی ئاوارە و بەرگری رۆڵیان لەو داستانە هەبووە، هەروەك پێشمەرگە بەشداربووەکان لە داستانی خواکورکدا باسی رۆڵی پەناهەندەکان دەکەن و دەڵێن:

نابی رۆڵی ئاوارەکانی کورد لە ئێراندا



لەمیانەی سەرکەوتن لە داستانی خواکورك، جەنابی سەرۆك بارزانی پێشبینی کرد و فەرمووی: «لەماوەیەکی زۆر کەمدا، زۆرشت روون دەبنەوە و وەزعی ناوخۆی عێراق دەگۆڕێ». هەڵبەت پێشبینی جەنابی سەرۆك هاتە جێ و لە بەهاری 1991 ئێرادەی پێشمەرگە و خەڵك سەرکەوت و کوردستان ئازاد کرا.

لە بێربکەین بە حەقیقەت ئەوان هەمیشە ئامادەی خۆیان دەبری بۆ پاڵپشتی کردنی برا پێشمەرگەکان هێزی پشتیوانی کە ئاوارەکان بوون، تر هێزی ئاوارە و بەرگری چونکە قوتابی و لاو لە ئاوارەیی دوای خۆیندیان دەهاتنە رێزی پێشمەرگە، ئەوەی تر کە دایك و خوشك ئەو قوتابی و لاوە یان دایك و خوشکی پێشمەرگە و یان خێزانی پێشمەرگە و یان دایکی و خوشکی ئەو پێشمەرگەی شەهید بووە یان خێزانی شەهید کە لە بەیانی تا شەو ئیش بکەن و سەرای ئیش کردن پەروەردەکردنی منداڵەکان لە ئەستو بگرێت، هەروەها سەڕەرای ئەوە کە برە پارەیەی ئیشیان دەکرد بۆ پێشمەرگە بە نان و جل و بەرگیان دەدا و دەیانهێنا ناو سەنگەری خەبات، کە ئەوەش بە خۆی گەورەترین سەرکەوتنی بۆ داستانی خواکورک بوو. رۆڵی برا کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە یاد نەکەین ئەوانیش هاوکاری ئاسانکاری بۆ پێشمەرگەکانیان کرد لە داستانی خواکورک ،جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی دوای سەرکەوتنی داستانەکە پیرۆزبایی لە پێشمەرگەکان دەکرد و فەرمووی: بە قەدەر قورسایی چیای سەری کۆراوان شەرەفتان لێ دەبارێ ، بە قەدەر قورسایی چیای کوردستان شەرەفتان لێ دەبارێ ، ئێوە ئیسپاتان کرد کە ئێوە پێشمەرگەی رێبازی بارزانیین، ئێوە ئیسپاتان کرد کە برای شەهیدەکانتانن، بەرگری لە شەهیدان دەکەن، ئێوە موژدەیەکی گەورەتان دا شەهیدان. لەو داستانەدا هێزی پێشمەرگە ئەوەندە دیل و جەنازەی سوپا و جەیش و جاشی رژێمی بەعس کەوتە بەردەستی و پێشمەرگە ئەوەند سیلاحی هینای لە ئەژماری نەدەهات و پێشمەرگەکانی رێبازی پارتی و بارزانی توانیان چەندین دەسکەوت وەك تۆپ و کلاشینکۆف و ئارپیچی و تەقەمەنی و سەدان لاشەی دوژمن کەوتنە مەیدانی شەڕ و وەرەی دوژمن بە تەواوی دابەزی، هەروەها وەك باس دەکرا تەواوی ئەو دیلانەی کە خۆیان تەسلیم بە پێشمەرگەکان دەکرد بە بریاری جەنابی سەرۆك بارزانی هەموویان ئازاد کران ونابی هیچ کەسێك بچوکترین شتی خراپ پێیان بڵێن ئەوە رەفتاری پارتی و بارزانییە کە هەمیشە رێبازێکی مرۆڤدۆستن.

داستانی خواکورك لە قۆناغێکی هەستیارەوە مێژوویيدا تۆمار کرا، بەرێز (عومەر عوسمان مێرگەسۆری)، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداربووی داستانی خواکورك وەك جێگری فەرماندە،

قوەتی بارزان ئەوکات، بەرێزیان گووتی:

یەکەم شەڕ لە بەرزایی سەر گوندی کەکلە دەستی پێکرد و دوژمن توانی داگیری بکات، بۆ ئەم مەبەستە قوەتی بارزان دەستی کرد بە دژە هێرش و ئازادی کردەوە، بەڵام بە خۆێنی چواری قارەمان بریتی بوون لە شەهید سەعید بابکەیی و شەهید خانۆ ئارەب و شەهید ئیبراهیم کانیەلینجی و شەهید عەلی سەروکانی، بەڵام دیسانەوە دوژمن هێرشێکی تری کرد و شوێنەکەی داگیر کردەوە، دوای ئەو هێرشەی دوژمن هێرشێکی تری کردە سەر دەشتی بەرازگر بەبەشداری زیاتر لە 40 فەوج جاش و پشتیوانی هەلیکۆپتەر و دەیان تۆپی قورس لە دوولایەوە لە مێرگەسۆر لە مینایەوە، لە جەبهەی ناوەڕاستیشە دوژمن بە هەموو هێز و توانایەوە هێرشی دەهێناو، هەموو جۆرە چەکێك و هەموو شێوەکانی جەنگی تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانی نزیك ببێتەوە لە سنوور، بەڵام روبەڕووی پێشمەرگە قارەمانەکان دەبوویەوە پاش زیانێکی زۆر تووشی شکست دەبوو، هێزە بەشدار بووەکان بریتی بوون لە قوەتی(لقی 3،لقی4) پارتی دیموکراتی کوردستان و قوەتێکی (لقی2) پارتی دیموکراتی کوردستان هەروەها ئەو هێزانەی سەر بە سەرکردایەتی بوون(هێزی حەمرین) لەگەڵ (هێزی ئاوارە). ئەم داستانە مەزنەی خواکورك نابێ هەرگێز دەستی کەم بگێری، راستە ئێمە بە داستان ناوی دەبەین بەڵام شۆڕشێك بوو، بەرخودان و خۆراگریەکی کەم وێنە بوو لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها و بەبێ هیچ هاوکاریەکی دەرەکی ملی دابوایە بەر ئەو خۆراگریەو، سەلماندیان کە شەڕی عێراق و ئێران هیچ پەیوەندیەکی بە بزاڤی رزگاریخوازی کورد نییە، وەستانی ئەو شەڕەش ناتوانی ئارامی لە کوردستان و عێراق دابین بکات ، هەروەها ناتوانێ ببێتە هۆی وەستانی کاروانی خەبات وبەرخودانی گەلی کوردستان.

لەم داستانەدا سەدان سەرباز و ئەفسەری دوژمن کوژراون و زیاتر لە 45 ئەفسەری پایەبەرز بە بۆنەی 16ی ئاب 1988 لە لایەن سەرۆك بارزانییەوە بەخشران و نارد رانەوە بۆ ئێراق. هەروەها سەدان لاشەی دوژمن لە مەیدانی جەنگدا بەجێماوە، بە دەیان پارچە چەکی مامناوەندی و سەدان پارچەی سوك کەوتە دەست پێشمەرگە، چەندین فرۆکەی دوژمنیان خستنە خوارەوە، زیانی پێشمەرگەش کەم نەبوو، بەڵام بە نەسبەت ئەو داستانە و خۆراگریەو ئەو شۆڕشە زۆر نەبوو، زیانی قوەتی بارزانیش لەو داستانەدا گەیشتە 10 شەهیدی قارەمان و بریندار بوونی نزیکەی 40 پێشمەرگە و خودی فەرماندەی قوەتی بارزان خواێخۆشبوو دکتۆر سەعید ئەحمەد بارزان و جێگرەکەشی خۆم لە خواکورك بریندار بووین. لێرەدا جێگای ئاماژە پێکردنە لەم داستانە مەزنەدا بەسەدان قارەمان و رۆڵەی تێکۆشەر و چاونەترس بەشدار بوون.

هەروەك ئاماژەم پێدا کە لە سەرەوە فەرماندە و پێشمەرگە بەشدار بووەکانی داستانی خواکورك کە بە چەندەها مانگ نەدەگەڕانەوە ماڵ و خێزان و لەگەڵ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بڕیاریاندا لە وداستانە شەڕی مان و نەمان لە پێناو رێبازی پارتی و بارزانی بکەین ، چونکە پێشمەرگە خۆراگر و هێزی پۆڵاییین کە دەیانزانی جەنابی سەرۆك بارزانی هەر لە دەستپێکی شەڕەکە و تا دوا فیشەکیش ڕاستەوخۆ بەشداری و سەرپەرشتی ئەو داستانە کرد شان بەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و بارزانی، سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتای داستانەکە تاکۆتایی داستانەکە هەموو کاتێك پەیوەندی لە گەڵ پێشمەرگەدا هەبوو و ئامۆژگارییەکانی بۆ پێشمەرگە گاریگەریەکی زۆر مەزن هەبوو بۆ ئێمە پێشمەرگە، لە ناو داستانە ئەحوالْ پرسی لێ دەکردین، سەرۆك مسعود بارزانی دوای سەرکەوتن دیسان پیرۆزبایی لە ئەوان دەکرد کە ئیرادە و وریان بەرز دەبووە، بۆیەهەموو کاتێك دەبێ قارەمانەکانی بەشداربووی داستانی خواکورك و دەیان داستانی تر لە یادمان بێت.

ئەو داستانە کە زیاتر لە 40 رۆژی خایاند ، 28 شەهید و 160 بریندارى پێشمەرگەی لێکەوتەوە. هەروەها لە دوژمن بە سەدان سەرباز و پلەداریانی رژێمی بەعس لێ کوژران و زیانێکی مادەی زۆریان لێکەوت ، بۆیە داستانی خواکورك بۆ دۆست و دوژمنان سەلماندی کە قەزیەی کورد نەبەستراوەتەوە بە شەڕی ئێران و عێراق، بەڵکو قەزیە داوای مافی خۆ دەکەن، هەروەك دوای کۆتایی و تۆمارکردنی داستانی خواکورك قسەکان و بیرۆچوونەکانی جەنابی سەرۆك کە گوتی: لە ماوەیەکی زۆر کەمدا زۆر شت ڕوون دەبنەوەو باردۆخی ناوخۆ گۆرانکاری تێدا ڕوو دەدات و بارودۆخەکە بە گشتی دەگۆڕی. یا خۆ دوژمن ناچار دەبێ لە بەرامبەر ئەم جۆرە بەرگرییدا بە خۆیدا بچێتەوە. داستانی خواکورك بە ماندووبوونی پێشمەرگە و فەرماندەقارەمانەکان و خوێنی شەهیدان بەدەستهاتووە و ئەمڕۆش کە یادی 32 ساڵەی تۆمار کردنی ئەو داستانە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هێژا سەرۆکی بارزانی دەکەینەوە کە بەراستی جەنابی سەرۆك بارزانی هەمیشە بە بێ جیاوازی بەرگری لە خاکی کوردستان کردووە لە گەڵ پێشمەرگەکان، ئەمڕۆ جەنابی سەرۆك بارزانی بە سەرۆکی ئاشتی لە دونیا ناسراوە و ئەو بوو کە ناوی پێشمەرگەی بە دونیاناساند هەروەها جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ پێشمەرگە بەرامبەر تیرۆریستانی داعش راوەستا وە تیرۆریستانی داعشیان شکست دا لە یادی تۆمارکردنی داستانی خواکورك دەبی هەموو لایەنی حزبی و سیاسەکانی کوردستان هەمیشە بیر لە یەك هەلوێستی بۆ نیشتمان بکەن و بیر بکەن کە ئەمڕۆ بەرهەمی داستانی خواکورك و سەدان داستانی پێشمەرگەقارەمانەکانە کە بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات و بیر بکەن لەو زروفە دا تەنها سەرۆك بارزانی کە کوڕی رابەری نەتەوەی کوردبارزانیی نەمرە دەتوانی بەردەوام خەبات بکات و ئاشتی بەرقرا بکات بۆ کوردستان،ئومێدەدەکەین کوردستان هەمیشە بەڕەو ئاشتی و بەرقراری بچێت، هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی داستانی خواکورك و هەموو شەهیدانی رێگای ڕزگاری کورد و کوردستان و سەرقافلەی شەهیدان بارزانیی نەمر و کاك ئیدریسی هەمیشە لەیاد. سەربەرزی بۆ هەموو پێشمەرگە قارەمانەکانی رێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر و بەشداربووانی داستانی گەورەی خواکورك.



دوستینییا گەلێ فەرەنسا و هەڤسۆزیا وانا دگەل هەرێما کوردستانێ بەردەوامە

شڤان غازی

ئەز هێشتا زاروك بوم دەمێ سەرهەلدانێ ئەم ل وەلاتێ ئیرانێ ل کوچا ملیونی ئاوارە بوین ل ئوردیگایێ سەلماس هەیڤەك بسەر ئاوارەبونا مە چوبوو، بارودوخ زورا خراب بوو، پاسدار و پولیسێت ئیرانێ دل رەق بوون، روژانە خەلك لسەر علاگەکێ نانی ئیهانە دکرن ، روژەکێ ژ روژان من دیت حکومەتا ئیرانێ یا شەپرزەیە و رێزێ ل خەلکی دگرن، من هند دیت فروکەکێ دانا دەف وێ کەمپا ئەم لێ ئاکنجی کرین، وەك خەون ل هزرا منە، گوتن ئەڤە شاندەك هات، من دیت ب چاڤێن خو خاتوو دانیال میتران خێزانا فرانسو میتران سەروکێ فەرەنسا یێ وی دەمی ژ فروکێ هاتە خار و گەهشتە ناڤا کەمپێ و چەندین چادر بسەر کرن. هەستا وێ زورا مروڤ دوستینی بوو، مە هەمیان دیفرا دکرە غار وی دەمی ئەز زاروك بوم هەر دەستێ خو بو زاروکان بلند دکر و دگرنژی و بای بای دکر لناڤ وان چادرێن سەرا دای ئێك یا مروڤەکێ مە بوو زور زاروك هەبوون و هاتە بن چادرا وان و زارۆیێت وان کرنە کوشا خودا وەك هەستێ دایکەکا دلسوز و دل سوتی و پشتی خاترا خو خاستی، هەمان روژ کاروانێ هاریکاریان گەهشتە هەمی خێزانا سەرەرای ڤەشارتنا رێژەکا زور ژ بال دەستهەلاتا ئیرانێ ڤە لێ پشتی وێ روژێ بارودوخ هاتە گهورین و هندەك ئازوقە گەهشتە هەمی خێزانا کو مە چ جاران نەدیتبوو ، مە هەمیان دیت گڤاشتن ئێخستنە سەر زەلامێ خو (فرانسوا میتیرا سەروکێ فرەنسا ل وی دەمی) پشتی ئەو هەمی نەهامەتی و دەردەسەری دیتین و بارودوخ هاتە گهورین و فرەنسا ئێکەم وەلات بو گڤاشتن ئێخستنە سەر هەڤپەیانێن خو ئەمریکا و بریتانیا و هێلا سیهە و شەش کرە هێلا سور بو رژیما بەعسا گور ب گور و ئەڤ مللەتە هەمی زڤرینە جهێ لێ دژیان ئەوێن نەشیاین بهێن جهێن ئاکنجی بوونا خو ژبال هەڤپەیانان هاتە پاراستن و بارودوخ ژ وێ روژێ ڤە هەتا ئەڤرو هات گهورین ، مەرجەعێ کوردان سەروك مەسعود بارزانی خاتوو دانیال میتران ب دایکا کوردان دا نیاسین و حکومەتا مە یا هەرێما کوردستانێ زور گرنگی پێ دان وەك وەفایەك ل هەولێر و دهوکێ شەقام ب ناڤێ وێ هاتنە ناڤ کرن و ب دوستا گەلێ کورد هاتە ناساندن. مە هەمیان دیت ل شەرێ دژی تیرورستێن داعش وەلاتێ فەرەنسا پتر ژ هەمی وەلاتێن هەڤپەیانان هاتە سەر خەتی و بەرگری ژ مە کرن و ئەوێن ل سەنگەرا بوون دیدتن کا فروکەیێن شەرکەرێن فەرەنسا چ رول هەبوو دژی هەر هێرشەکا لسەر پێشمەرگەهێ کوردستانێ دهات و چ دکر بسەرێ تیرورستان دئینان هەتا فروکێن فرەنسا نەگەهشبانە هەر میحوەرەکی شەر و ئالوزی بدیهایەك نەدهات ، دیسان پشتی ریفراندومێ مەهەمیان دیت ئێکەم وەلات دەرگەهێ خو رویێ هەرێما کوردستانێ ڤەکری هەر وەلاتێ فەرەنسا بوو و فەرشێ سور بو رێزدار نێچیرڤان بارزانی دانایی وەك سەروك وەزیرێ وەلاتەکی پێشوازی ل شاندێ هەرێمێ کرن و گڤاشتن لسەر حکومەتا عیراقێ کرن پشتی وێ سەرەدانێ کو ناهێلین ئیدی تبلا خوژی دەرهەقێ هەرێمێ درێژ کەن ، هاتنا سەروك وزیرێ دەرڤەیێ وەلاتێ فەرەنسا بو هەرێما کوردستانێ مەزنترین پشتەڤانیە بو هەرێما کوردستانێ نیشانا گرنگیدانا وانا ب هەڤپەیانێن خو و سەدەریا وان دگەل هەرێمێ وەك هەر وەلاتەکێ زلهێزە ل روژهەلاتا ناڤین بەلکو بهێزترە ، دڤێت مللەت و سەرکردایەتیا کوردستانێ ڤان هەمی کارێن وان بێن مروڤاتی و دلسوزیا وان یا دوستایەتی بەرچاڤ بگریتن و پشتا مە بڤی وەلاتی گەرم بیتن ، هەژی یە بێژین وەلاتێ فەرەنسا دەمێ دوستینیا وەلاتەکی دکەت و ب هەڤپەیانێ خو دزانیت ل وەلاتێ وان سیستەمە هەر چ دەستهەلاتەك بهێتە سەر حوکمرانیێ لسەر هەمان سیاسەت بڕیڤە دچیتن و ئەم وەك هەرێما کوردستانێ ژ هەلویستێن ڤی وەلاتی قەردارین ، هەژی یە بێژین دوستینیا مالا بارزان لدەف وان سەنگا خو هەیە و زور جهێ رێزێ نە لجەم وان ، چێدبیت پشتی ڤێ سەرەدانا وەزیرێ بەرگری یێ وەلاتێ فەرەنسا گڤاشتنێن زور بکەڤنە سەر حکومەتا عیراقێ و کێشێن هەلاویستی چارەسەر بںن چونکی دێ گوهدانا کێشە و گیر و گرفتێن حکومەتا مە یا هەرێما دگەل بەغدا هێنە گەنگەشە کرن ، و ل ئایندەی ژی هەر بارودۆخەك بهێتە پێش دێ ئەڤ وەلاتە پشتگیریا هەرێما کوردستانێ کەن .

ون بوون

پسوولەی شارەوانی (٥) هەولێر ژمارەی پسوولە (٠٧٨٣٣٤٦) بەرواری ٢٠١٩/٩/١٥ بەبڕی ٣٠٠٠٠٠ بەناوی کمال مصطفى محمود ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

مەنەفێست بەناوی شریکە یوڤان جۆری ئۆتۆمبێل مارسدس ئەکسور رەنگ پرتقالی مۆدێل ٢٠٠٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٤٥٢٠١٨ کاتی دهوك ژمارەی شاصی: WDB٩٤٤٠٣٢١L٢٠١١٨٢ ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

ون بوون

ناسنامەیەکی وەزارەتی پلاندانان ، پۆلین کردنی کۆمپانیاکان بە ناوی کۆمپانیای NEUSS پسپۆری بیناسازی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو دەشتی محمد حسین، ژمارەی ناسنامە ٢٣٤٣ هەرکەسێک دۆزیتیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة استئناف بصفتها الاصلية
العدد/٤٦/س/٢٠٢٠
التاريخ/٢٠٢٠/٧/١٣

اعلان

الى /المستانف عليه الثاني (داود سليمان احمد)
بالنظر للدعوى المرقمة ٤٦/س/٢٠٢٠ المقامة ضدك أمام هذه المحكمة من المستأنفان (١- خورشيد حسين رمضان ٢- احسان عبدالله عبدالقادر) بشان اعادة مبلغ قدره (٧٥,٠٠٠$) خمسة وسبعون الف دولار امريكي ما يعادله بالدينار العراقي مبلغا قدره (٩٠,٠٠٠,٠٠٠) تسعون مليون دينار عراقي ولمجهولية محل اقامتك حسب كتاب مديرية شرطة نزاركي المرقم (١٧٦٨) في ٢٠٢٠/٧/٩ قررت المحكمة تبليغك نشرا بالاعلان في صحيفتين محليتين يوميتين استنادا للمادة ٢١ من قانون المرافعات المدنية للحضور أمام هذه المحكمة ١٠,١٥ العاشرة وخمسة عشرة دقيقة صباحا يوم ٢٠٢٠/٨/١٠ للمرافعات وفي حالة عدم حضورك او ارسال وكيل ينوب عنك ستجري المرافعة بحقك غيابيا وعلنا وفق القانون
الرئيس / ستار صوفي حامد

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٨ / م / ٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٢

جاڕدان

بۆ داوالێکراو/ جونسون گورگیس ناصر
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (انس موسى نيسان) داوای ژمارە ٨ / م / ٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (تثبيت الحضانە) ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٨ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە (چەسپاندنی دایەنی (جونیور) بۆ دایکی (انس) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری مارعودا ١٠٨ هیثم پۆلص توما بۆیە دادگا بریاریدا پێڕاگەیاندنت بە بریارەکە بۆ دەربچێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاساییدا نارازیبوونی خۆت یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و گرێبەستەکان/ بەشی گرێبەستەکان
ژمارە: ٧٠١٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٣

جاردانی کەمگری نهێنی

وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کەمکردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ ئۆتۆمبێلەکانی دیوانی وەزارەتی بۆ ماوەی یەك ساڵ جا داوا دەکەین لە کۆمپانیا و وێستگەکانی سووتەمەنی سەردانی دیوانی وەزارەت/ ب. گرێبەستەکان بکەن بۆ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر بە نرخی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار کە نادرێتەوە دواکات بۆ پێشکەش کردنی تەندەرەکان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی (چوارشەم) ٢٠٢٠/٧/٢٩ لەگەڵ رەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە و پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکانی پێویست تێبینی/ کرێی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو (کۆمپانیا یان وێستگە) کە کارەکەی بۆ سپاردە دەکرێ.
مەرجەکانی پێشکەشکردن:
١- بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمپانیا یان بەڵگەنامەی دامەزراندنی وێستگە.
٢- پاکانەی ئەستۆ لەباجی دەرامەت بۆ ساڵی ٢٠٢٠
٣- سیستەمی کارتی ئەندامەتی (Membership Card)
٤- دابین کردنی سووتەمەنی بەداشکاندنی (١ ، ٩) بۆ بەنزین و (٥٪) بۆ گازوایل.
د. سامان حسین بەرزنجی
وەزیری تەندروستی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢
ژمارە:١٣٨٤/ش٢/٢٠٢٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٧/١٣

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (مریوان محمد رؤوف)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (تەلار فائق صالح) داوای ژمارە (١٣٨٤/ش٢/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (گوندی امریکی) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (ئاکرێ) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە رێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/١٢, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەر/ طارق حسين كريم

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (رشيد محمدامين علی) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای بحرکە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهيم
ئامێرەکان:
١- خەباتە و تام لێدان لە جبس بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.
٢- میکسەری تێکەڵ کردنی زەیت و تام بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤. دوو حەوزی
٣- دوو تعبئە کردنی جبس و کەپس کردنی جبس بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*٢,٥.
٤- ئێکسترۆ دەری دروستکردنی جبس بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣٠. بۆردی کارەبا
٥- میکسەری تێکەڵکردن و تێکردنی گەنمەشامی بێ ژمارە دروستکراوی سوری مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٧/١٣
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بەختیار بایز عباس) لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووسی یەکەم / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد و چیمەنتۆ بێ ژمارە دروستکراوی خۆماڵی توانای K.W٤٥ + K.W١٢,٥.
٢- کاپیسەی کەپس کردنی بلۆك بێ ژمارە دروستکراوی خۆماڵی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.
٣- مۆلیدەی کارەبایی کاتم گاز ئەڤیکۆ بریتانی مۆدێل ٢٠١٨ توانای K.V.A١٥٠.
٤- ڕافیعەی بەرزکردن و گواستنەوەی مواد و بلۆك گاز بێ ژمارە دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٢,٥ طن.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ١٥٥٣/٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٥

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر مصطفى چەتۆ مصطفى بریکاری دەشتی نامق محمد بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای GRAND GATE)
هۆشدار لێکراو: (کۆمپانیای SYSEL)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر مصطفى چەتۆ مصطفى بریکاری دەشتی نامق محمد بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای GRAND GATE) بە ژمارە (١١٣/٢٢٥٠٨) لە ٢٠٢٠/٧/٦ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ قەرەبووی بەروبومەکانمان یاخود چارەنووسی دیاری بکەن بۆیە هشداریت دەکەین لە ماوەی ٢ دوو ڕۆژدا لە ڕۆژی پێراگەیاندنت وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکەکانی (سەربەستی، ڕۆیال تاوەر ، گوندی ایطالی یەك، گوندی ئینگلیزی ، ڤیتال و MRF) لە شاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٧/١٥ بۆیە بەفەرمی لەرێگای دوو رۆژنامەیی ڕۆژانەیی بۆت بڵاودەکەینەوە.
شوان فوزی زکی/ ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢١٣/ب٤/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٣

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ارام ادهم اسماعيل)
داواکار (محمود نشات رسول) داوای ژمارە ٢١٣/ب٤/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری گەرەکی ٩٩ی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ/ پارێزگاری هەولێر) بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت بەدوو رۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٨/١٦ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای کار لە هەولێر
ژمارە: ٦٩/ ك مدنی/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٣

جاردان

بۆ/ بەڕێوەبەری کۆمپانیای/ Olive Group سەرەرای کارەکەی
داواکاران (دانا خورشيد احمد و هەلبەست مصطفى قادر و ئەیاز عبيد عزت و ئاکۆ صمد احمد) داوای ژمارە ٦٩/ ك . م/٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراوان (بەڕێوەبەری کۆمپانیای Olive Group) وە لەبەر ئەوەی شوێنی بنکەی سەرەکیتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (کۆمەڵگای پیرزین – گەرەکی ئاشتی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بەپێراگەیاندنی لە رێگای دوو رۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی پێراگەیاندنت وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٦ کاتژمێر ٩ بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت دەرحەقتان.
دادوەر/ کاوە صديق حسين

* * *

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ٩٦٣٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٥

ئاگاداری ژمارە (٨)ی ٢٠٢٠
کەمکردنەوەی نهێنی

وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پرۆژەی (دروستکردنی بینای پرۆتۆکۆل) دەکات هەر بەلێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەلێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەلێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢) ی نیوەرۆ رۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٧ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- کۆمپانیا دەبێت پلەی پۆلێنی لە (٦) کەمتر نەبێت.
٢- کۆمپانیا دەبێت تایبەتمەند بێت لەم بوارە.
٣- فرۆشتنی تەندەر بەبڕی (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینارە کە گەڕانەوەی بۆ نییە.
٤- فرۆشتنی تەندەر رۆژانە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەرۆ دەبێت.
ڕێبەر احمد/ وەزیری ناوخۆ

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣١٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣١٨/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شيوع) ژ ئاقارێ ژمارە (١٠٠٤/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو روژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٩٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
سەخلەت:
جورێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٥٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ نە ئاڤ و نە کارەب.
دادوەر/ يوسف الياس سدن

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٢٠/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٢٠/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شيوع) ژ ئاقارێ ژمارە (١٠٠٥/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو روژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٥٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
سەخلەت:
جورێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٥٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ نە ئاڤ و نە کارەب.
دادوەر/ يوسف الياس سدن

* * *

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە: ٣٢١/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٣٠

ئاگەهداری

لدویف بریارا مە یا ژمارە (٣٢١/ب/٢٠١٩) ل ٢٠١٩/٩/١١ لدور ژناڤبرنا بەهرا (ازالة شيوع) ژ ئاقارێ ژمارە (١٠٠٦/٤ کەرتێ ١٣ تلکەبەر) کو سەخلەتێن وێ لخوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ئاشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکت ژ رۆژا دی یا بەلاڤکرنێ د دوو روژنامێن روژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکداربیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکات داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کوژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٢٩٠٠٠٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کوژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر روژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە دبێهن ڤەدانا فەرمی دا لروژا پاشتر دێ لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
سەخلەت:
جورێ ئاقاری مولکینی یە و رەگەزێ وێ عەردە (عرصة) رووبەرێ وێ (٢٥٠)م٢ و دویرە ژ سەنتەرێ باژێرێ زاخو، و چ خزمەت گوزاری لێ نینن نە رێ نە ئاڤ و نە کارەب.
دادوەر/ يوسف الياس سدن

* * *

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٣/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٧/٧

ئاگەهداری

لدویف یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کریدانا (١٣) دوکان رووبەرێ گشتی (٢٨٦,٣)م٢ بو ماوێ (٢) دوو سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا دیرەلوك بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا دیرەلوك دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە
ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

ئاگاداری

بریاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی سەرلەنوێ بشت بە چەسپابوونی خاوەنداریەتی تەواوی خانووبەر ژمارە (٨٣٦/٥) کەرتی (١٤ عباسیە)
بە ناوی داواکار تومارکردن (ورثة صالح حسين محو) بە پێ ی بریار چەسپاندنی خاوەنداریەتی لە روژی ٢٠٢٠/٧/١٣ کە لەم فەرمانگایە دەرچوویە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەم بریارە
دەدەینە ئاگادارکردن ئنجا هەر کەسێ پەیوەندیێك بەدم خانووبەرە یە هەبیت داوای خوی پێشکێشی
دادگای پەیوەندیدار بکات لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری یەوە ،
دوای تەواوبوونی ماوەیە بە پێی و دیاربوونی هیچ ئاگاداریێك لە دادگا بە پێشکێشکردنی داواییێك
لەو ماوەی دیارکراو ئەم فەرمانگایە دەست بە تومارکردنی دەکات بە پێ ی فەرمانی چەسپاندی خاوەنداریەتی.
اسماء الورثة:-
١- رمضان صالح حسين ٨- علی احمد صالح
٢- غريب صالح حسين ٩- گلی احمد صالح
٣- زليخە صالح حسين ١٠- رمزيە احمد صالح
٤- فيروز صالح حسين ١١- فوزيە احمد صالح
٥- بيروز صالح حسين ١٢- شيلان احمد صالح
٦- عمر احمد صالح ١٣- خديجە احمد صالح
٧- محمد احمد صالح ١٤- كوردستان احمد صالح
دادوەر/ يوسف الياس سدن
سەروکێ لیژنەی چەسپاندن
خاوەنداریەتی لە زاخو

* * *

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/١٦٧/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٧/٨

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (زيدان برهان منير) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٦/٢٦ یێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (نيدار عزالدين عزيز) بریاردا ب (النفقة الماضية) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادوەر / مروان عادل اسماعيل

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٢٠١/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/١٥

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا مولکی ژمارە (٢٣٥٦/١ کەرتێ ١١ سميل) یا قەرزدار (عبدالعزيز رشيد محمد) ئەڤجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلاڤکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە
روونکرن :-
ژمارە وجە :- (٢٣٥٦/١ کەرتێ ١١ سميل - تاخی فەراشین)
رەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئیك تابقە
رووبەر :- (٢٦٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٤٥,٥١٠,٠٠٠) چل وپێنج ملیون وپێنج سەد ودەە هەزار دیناری عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ربير سلمان خالد

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/٢٤٥/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٧/٧

ئاگەهداری

بۆ داوالێکەراو (محمد عبدالله يوسف)
جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە
داواکار (اگەر حمدی علی) داخازێ تێدا دکەت ژێك جوودابوون(التفريق) ناڤبەرا تەو ویدا وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژێر ل پارێزگەها دهوکی قەزا سێمێلێ تاخی گولان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیێن روژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمێر (١٠) سپێدەهیا روژا ٢٠٢٠/٨/١٨ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەڤی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زيرك محمد صديق عبدالكريم

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٢٠٧٣
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/١٥

ڕاگەهاندن

بریار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (١٥١٥٨٥/ بغداد - تايبەت) جورێ (نيسان ارمادا ستيشن) مودێل (٢٠١٠) رەنگ (مارونی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ (عبدالكريم سعدي عبدالكريم) هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدە نیڤرو ل روژا (٣/سیێ) پشتی راگەهاندنێ وتەئميناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٤,١٤٥,٠٠٠) چاردە مليون وسەد وچل وپێنج هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
هاریڤان ايوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)

* * *

پیراگەیاندنی (مجهول محل الاقامه)
بو بارمتەدەر/ناظم ناظم صديق
ژمارە پارچە زەوی/٦٧٩/١
ژمارەی کەرت وناو/٤٥ ماسيك
بری قەرز (٣٤٥٠٠٠٠٠٠) سێ سەدو چل وپینج مليون دينار
ناوی خودانی مولك (بارمتەدەر/ ناظم ناظم صديق)
بەرواری دانەوە /٢٠٢٠/٢/١٠
ئاکاری توماری هەمیشەی خانوبەرا /٤ تشرینا دوویی ٢٠١٩ بەرگ ٩
نيشتەجی/دهوك /ماسيك
کو ئەو قەرزی ل سەری دیارکری کو بارمتە وەرگر وەربگریت وەکو بارمتەدەری چ نیشتەجی یی بەرچاڤ ومەعلوم نینن کو ئەوی دگریبەستی دا دیار کری کو چ جهین دی نینن ژبلی وی ئەوی دیارکری دگری بەستی دا ڤیجا دبینە نیشتەجی یی نەدیار ومە بریاردا وی ئاگەهدارکەین کو دڤیت قەرزی بدەت وهەمی (مصاريف) دماوی (١٥) روژا دا هەر ژ روژا پشتی ئاگەهدارکرنا ل روژنامی کو لدیف یاسایی
ماف پەروەر /چکڤان محمد احمد
بەریوەبەری تومارکردنی خانووبەرە دهوك

* * *

تێبینەرایەتی تومارکایی خانوبەری ئ
جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکار کرینەوەی خانووبەر بەبی ئەو داواکاری یەی لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/١٣ کە پێشکێش بەم فەرمانەکەی کراوە بۆ سەر لە نوێ تومارکردنی تەواوی خانوبەری ژمارە(١٥٦) گەرەکی سردبکی بە ناوی(عبدالمجيد عبدالرحمن حسين)کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبو مەبەستی جەسپاندنی خاوندرایەتی یەکەی بو ئەوە بەبی یە یاسایی تومارکردنی خانوبەری ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومارکبکریت بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە جا هەر کەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراو سەر هەبێ لە ماوەی (٣٠) روژ لە روژی بلاوکردنەوە کە بەلگە قەوالەیی خویی پێشکێش بەم فەرمانگەیی بکات ولە کاتژمێریی (١٠)ی بەیانی روژی داوای کوتایی ماوەیی ئەم بلاوکردنەوەی لە شونی خانووبەرەکە ئامادەبیت بو سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامەدانی ئەو نورینە کە لە روژی بو ئەم مەبەستە ئەنجام دەدری
ماف پەروەر/حسن رمضان حبيب
تێبینەری تومارکاری خانووبەری ئامێدی

* * *

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/٢٣٩/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/٧

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکری (هيمن شاهين مصطفى) جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (شادی المان محمد) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا کوژمێ پارە (١٤,٥٧٥,٠٠٠) چاردە مليون وپێنج سەدو وحەفتی وپێنج هزار دیناری عیراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن دەلال ل قەزا زاخو ژمارە (٧٢٨) ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٤ وراپورتا هەلبژێری تاخێ (زاگروس/٢ ليلاف ستی)ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٢/٤ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠٢٠/٨/٩ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نەهنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیف یاسایێ
دادوەر / عزيز محمد سعيد

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٧٧ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٥ / ٧ / ٢٠٢٠

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراویێ : كارينا فريدك
ل دیف داخوازیا داواکار(محمد علی عمو) وکێشا ژمارە (٢٧٧ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا وی ژتە بەرامبەری ڤی دادگەهێ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (بيدار) ژمارە (١٢٧٥) ل (١٢ / ٧ /٢٠٢٠) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (شەهیدان /١) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠٢٠/٧/٢٨ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفيق

* * *

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٩٧٧/ ش / ٢٠٢٠
بەروار: ١٧ / ٦ / ٢٠٢٠

ئاگانامە

داواکار: محمد حنون جعفر
داوالەسەرکراو: منى حبيب ظاهر
داواکار (محمد حنون جعفر) داوایەکی بە ژمارە (٩٧٧/ ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (گوێرایەڵبوونی ژن) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بە گوێرەی باسی پێڕاگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە. وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/٨/١٧) سەعات (٩:٠٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێ ی یاسا .
دادوەر/ كامل توفيق سعيد

* * *

دادگای بەرایی ئاکرێ
ژمارە: ١/استملاك قضائی/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/١٢
بۆ/ داوالێکراو/ المستملك منه الثانی/
(ملا محمد عزيز محمد)

ئاگاداری

داواکار/ المستملك (سەرۆکی شارەوانی ئاکرێ- سەرباری کارەکەی) داوای ژمارەی سەرەوەی دەرهەق بەتۆ و (ملا احمد عزيز محمد) تۆمارکردووە لەبەردەم دادگاکەمان، کە تیایدا داوای ڕووبەری (٣٦)م٢ لە موڵکی ژمارە (١٢٩ کەرتی ١٣٤ بساتین کوارە) بەناوی تاپۆی شارەوانی تۆمار بکرێت چونکە ئەو ڕووبەرە کەوتووەتە بەر شەقامێکی گشتی وە لەبەر دیارنەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگای یەك رۆژنامەی ناوخۆیی تاکو ئامادەبیت لەبەردەم دادگاکەمان لەرۆژی ٢٠٢٠/٨/١٧ کە دیاریکراوە بۆ دادبینی بەپێی ماددەی ١/٢١ لەیاسای دادبینی شارستانی و، بەپێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێت بە دادبینی پاشملە دەرهەق بە تۆ وە دەرکردنی بریاری پێویست بەپێی یاسا.
دادوەر/ خالد عثمان يوسف

* * *

دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە: ١٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/٨
بۆ تاوانبارانی هەڵاتوو / جانيت زيرو حنا
ئاگادارکردنەوە (سزا)
ئەم دادگایە بریاری لەسەرت دەرکردووە بە ژمارە ١٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/١٢/٢٤ بەبەندکردنت بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەپێی حوکمی مادە (٤٥٦/یاسای سزاکان) بەشێوەی پاشملە (غیابی) لەبەر ئامادەنەبونت لەبەردەم دادگا بۆیە بریاردرا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بریاری سزاکەتان بڵاوبکرێتەوە مافی تانوت لێدانتان هەیە لە بریارەکە لەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاسایی دا کە ٣ سێ مانگە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕی وەردە گرێت.
دادوەر/ عادل عمر عبدالله

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٨/ك١/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ مصطفى محمد صادق
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٣) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٩/ك١/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ وەندی أزاد فقی عمر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٢) لە یاسایی (خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١١٠/ك١/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/١٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سەرور محمد مجيد
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٤ بە مەبەستی دادگایی کردنت بەپێی ماددەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسایی (سزاکان) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

پردی ئەڵوەن لە خانەقین....

بەشێک لەمێژووجوانی شارەک و کوردستان



خەبات: سەربەست برزۆ

پردی ئەڵـــوەن ، یاخـــود بەخانەقینی، (کۆپـــری ئەڵـــوەن) دەکەوێتە ســـەر رووبـــاری ئەڵـــوەن و شـــار دەکاتـــە دوو بەشـــەوە ، لە ســـەدەی ڕابردوودا گەڕەکەکانـــی خانەقین کـــەم بوون و وەک ئێســـتا شـــار فراوان نەبووە.


ئـــاوی ئەڵـــوەن بەگشـــتی و پردەکەی ســـیمایەکی جوانـــی هەیـــە و لەدێر زەمانـــەوە بۆتـــە ناســـنامەی شـــار ، کۆپـــری ئەڵـــوەن شـــانازییەکی ســـەربڵندی خانەقینییەکانـــە.

قســـەو بـــاس و ریوایـــەت و دەماو دەم زۆرن لـــە بـــۆ دروســـتکردنی پـــردی ئەڵـــوەن بـــەڵام زیاتـــر باوەڕپێکراوترینیـــان دوو ریوایـــەت هەیە کەئەویش دەڵێن : لە ســـەردەمی شـــا عەبـــاسی ســـەفەویدا ، یەکێک لە ئافرەتـــە دەوڵەمەندەکانـــی ئێران و نزیک لە شـــا عەباس ، بەمەبەســـتی زیارەتکردنـــی مەزارگەکانی کەربەلا و نەجـــەف بە خانەقینـــدا تێپەڕیووە وڵـــەو کاتـــە لافاوێکـــی بەهێز ڕوو لە ئەڵـــوەن دەکات ، بۆیـــە ناچار ئەو ژنـــەو هاوەڵەکانـــی چەنـــد ڕۆژێك لـــە خانەقیـــن دەمێننـــەوە و لەبـــەر لافـــاو ناتوانـــن بپەڕنەوە، بـــە هەرحاڵ هەرچۆنێـــك بێـــت دەپەڕنـــەوە و دەچنـــە زیارەتی کەربـــەلا و نەجەف بەمەبەســـتی زیارەتکردنـــی مەزارگە پیـــرۆزەکان ، لەکاتـــی گەڕانەوەیاندا، ئەو ژنـــە دەچێتـــە لای شـــا عەباس و ڕازی دەکات کـــە پردێـــك لەســـەر ڕووبـــاری ئەڵوەن دروســـت بکات و شـــا عەباس فەرمانی دروســـتکردنی پردەکـــە دەدات و ، لـــە ســـاڵی 1860 دەســـتدەکرێ بـــە دروســـتکردنی پردەکـــەو لـــە ســـاڵی 1863 تـــەواو دەکرێـــت و پردەکـــە لە چـــوارەدە چاو پێکەد ێت .

هەروەها ریوایەتەکـــەی دیکە دەڵێت: شـــازادەیەکی خوشکی شـــا محەمەد عەلی میـــرزا دەوڵەتشـــا فەرمانڕەوای ئەوکاتـــی کرماشـــان ، بەهەمـــان ریوایـــەت کـــە گوایە ویســـتویەتی بچێتـــە کەربـــەلا و نەجـــەف و نەیتوانیـــوە لەڕووبـــاری ئەڵـــوەن بپەڕێتـــەوە لەبـــەر لافـــاو و ....هتد چەنـــد ســـەرچاوەیەك دەڵێـــن: ئـــەم ئافرەتە لە ســـاڵی 1855 بـــە خانەقیندا تێپەڕیوە بەمەبەســـتی زیارەتکردنی کەربـــەلا و نەجـــەف و ، دواتـــر لـــە ســـاڵی 1860 دەســـتی کـــردووە بـــە بیناکردنی پردی ئەڵـــوەن ، وەك دەڵێن: دەیـــان ئەندازیـــاری تەلارســـازی و بەناوبانگتریـــن وەســـتاکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتـــە خانەقێن و مەنجەڵی گـــەورە گـــەورەی هێناوەو بـــە ئاوی کـــوڵاوی ئـــاژەڵ ئـــەو خشـــتانەی پردەکەیـــان لـــێ دروســـتکردووە ، نزیکـــەی پێنج هـــەزار کرێـــکار لە دروســـتکردنی پردەکەدا کارپانکردووە بەسەرپەرشـــتی هـــەردوو وەســـتای نـــاوداری ئێرانی ، وەلی ئەســـفەهانی و عەبـــاس میعـــمار باشـــی ڕەزا، وەك دەڵێن: دەیان لـــەو کرێکارانە لەکاتی دروســـتکردنی پردەکـــەدا گیانیـــان لەدەســـتداوە و لـــە گۆڕســـتانی (عەلەمـــدار) ی نزیـــك پردەکە بەخاك ســـپێردراون. .

چەندیـــن ئەفســـانەی دەمـــاودەم دروســـتکراوە و هەتـــا وەکـــو ئەمڕۆ باوە، کـــە گوایە یەکێك لـــە تاقەکانی پردەکـــە شـــاردراوەتەوە و پڕکـــراوە لە ئاڵتـــون و ...هتد

هەردوو ســـەرچاوەکە وڵێکۆڵینەوەکان دەڵێن: کـــەوا پردی ئەڵوەن لە ســـاڵی 1860 دەســـت بە دروســـتکردنی کراوە و لە ســـاڵی 1863 تەواوکراوە و پردەکە لە چوارەدە چـــاو پێکدێت.





خەبات سەربەست برزۆ

کفـــری شـــارێکی دێرینی کوردســـتانەو بـــەدووری 100کیلۆمەتـــر دەکەوێتە باشـــوری ڕۆژهەڵاتـــی کەرکوکەوە ، لە ســـەرەتای ســـەدەی ڕابـــردووەوە لە ڕوی ئیدارییـــەوە ســـەربەپارێزگای کەرکـــوك بووە و لە ئێســـتادا قەزایەکە ســـەربە ئیـــدارەی گەرمیان .مێـــژووی دروســـتبوونی شـــارەکە دەگەڕێتـــەوە بۆ پێش زایینـــ ، دەیان ئاســـەوار و ماڵی کەلەپـــوری لە کفریدا هەیە کـــە لەئەمڕۆدا وەك پێویســـت بایەخیان پێ نـــەدراوە و نـــۆژەن نەکراونەتەوە .

لە ســـییەکانی ســـەدەی ڕابردوو بـــەدواوە کفری بە شـــاری وەزیـــران ناوبانگی دەرکردووە چونکـــە لەو بەرواڕە بـــەدواوە چەندین وەزیری عێـــراق لە کفرییەکان بووە .

ڕەوتی هونەری و ڕۆشنبیری کفری دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەدەیەك

یەکێك لە ســـەروەرییەکانی بەیاننامەی 11ی ئازار دروســـتکردنی سینەمایەکی هاوینەیە بۆ شـــارەکە ، لەدوای دەرچونـــی بەیاننامەی 11 ی ئـــازاری 1970 باری شارەکانی کوردســـتان هێور بویەوە و لە هەمو و شـــارەکانی کوردستاندا جۆرەها چالاکی ڕۆشـــنبیری و ئەدەبی و هونەری دەســـتی پێکرا،لەبری ئـــەو چالاکییانە لە شـــاری کفری ســـینەمایەك بەناوی ســـینەما خەزرا کرایەوە .

شـــەوان گەنجانی کفری لـــە دەوری ســـینەماکە کۆدەبونەوە و ســـەیری جۆرەها فلیمی عەرەبی و تورکـــی و ئەمریکی و هیندییان دەکـــرد و حەفتەی جارێکیش تایبەت بـــو بۆ ئافرەتـــان و ئافرەتانـــی کفری دەچوونە ســـەیری ئـــەو فلیمانەی کە نمایش دەکران .لەگەڵ دەســـتپێکردنی شـــەڕلە ســـاڵی 1974 دەرگای سینەما (خـــەزرا) داخرا، هەتاوەکو ئێســـتاش بەداخـــراوی ماوەتـــەوە و قوفڵێکی ژەنگنی پێوەیـــە ، ئاخۆ کێ بێـــت و ببێتـــە فریادڕەس و ئـــەو قوفڵە ژەنگنە بشـــکێنێ و ســـینەما خەزرا بکاتـــەوە ، جا ئەگـــەر بەکەڵکی ســـینەماش نەمابێ بکرێتە شـــوێنێکی کەلەپوری و چالاکی تێدا ئەنجـــام بدرێت ،جێی ئاماژەیە شـــوێنی ســـینەماکە دەکەوێتە ناوەندی شـــار لـــە بەرانبەر تەوراتـــی جولەکەکان .





کەی بەردی بناغەی بەنداوی دوکان داندرا؟



(بەربەســـت یان بـــە نـــداوی دوکان) بـــەردی بناغەی ئـــەم بەربەســـتە لە ســـاڵی 1954 لە لایـــەن مەلیکی عیراق (مەلیـــك فەیســـەڵ) ەوە دانـــرا، لـــە بناغـــەی ئـــەم بەربەســـتەدا مەلیك فەیســـەڵ (فلســـێك)ی عیراقـــی دانا وەک هێمایەک بـــۆ ئەو ســـەردەمە کە بچوکتریـــن دراوی ئەوســـەردەمە بوو ، ئـــەم بەربەســـتە لە ســـاڵی (1954) دەســـتی پێ کـــردو لە ســـاڵی (1959) تـــەواو بوو کـــە لەلایـــەن کۆمپانیای (دۆمیـــز بالـــوت) ی فەرەنســـیەوە ئەنجـــام درا بە سەرپەرشـــتی هەردوو کۆمپانیـــای (بنـــی دیکـــن و کۆرلی) ، ئـــەم بەربەســـتە بـــڕی (14) ملیۆن دینـــاری ئەو ســـەردەمەی تـــێ چوو لە کاتێـــکا کـــە ڕۆژانـــەی کرێکارێکی ئـــەو ســـەردەمە (25) فلـــس بوو .

شێوازە هونەریەکانی ئەم بەربەستە

1_ بـــەرزی دیـــواری بەربەســـتەکە (116.5) مەتـــرە.

2_ درێژی بەربەستەکە (260) مەترە.

3_ بـــەرزی بەربەســـتەکە لە ئاســـتی ڕووی دەریـــاوە (516) مەتـــرە .

4_ ڕووبـــەری ئـــەو زەویـــەی کـــە بەربەســـتەکە ئاوی ئـــەدات (11690) کیلۆمەتـــر دووجایـــە .

5_ توانای هەڵگرتنـــی بڕی (6.8) ملیار مەتر ســـێ جا ئاوی هەیە .

6_ ئەســـتووری بەربەســـتەکە لـــە بنکەکەیـــدا (54) مەتـــرەو لە بەشـــی ســـەرەوەی (6.20) مەتـــرە .

7_ وێســـتگەی بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبای تیا دروســـت کـــراوە لە لایەن کۆمپانیـــای (Hydro Pow- er Station) ڕووســـیەوە لە ســـاڵی (1970).

(بەربەســـتی دوکان بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بەکار ئەهێنرێ)

1_ هەڵگرتنی ئاوی بارانا و .

2_ بەرهەمهێنانـــی وزەی کارەبـــا بـــە بـــڕی (400) مێـــگاوات بەهـــۆی (5) تۆربایینـــەوە.

3_ ئاودانی ڕووبەرێکـــی زەوی بە بڕی (1.500.000) دۆنـــم لە دەشـــتەکانی ناوچـــەی هەولێـــر و کەرکووک .

4_ بەخێو کردنی ماسی .


5_ کەم کردنەوەی مەترسی لافاو.


یەکـــەم جار دوای تەواوبونی ســـەدەکە، ئـــاو ســـەرکەوت بۆ ســـەرەوە ســـەر ڕێژبـــوو بۆ نـــاو بێڵ ماوســـەکە ، ئەو ئەندازیـــارەی نەخشـــەکەی کردبـــوو لـــە هیندســـتانەوە بـــەرەو بەریتانیا دەگەڕایـــەوە، لـــە ڕاگەیاندنـــەکان بیســـتبوی کە ئاو لەســـەدی دوکان سە ڕێژی کردوە بەســـەر بێڵ ماوسەکەدا ، ڕاســـتەو خۆ بلیتەکەی ڕفز دەکاتەوەو ڕودەکاتـــە بەغداد و لەوێوە بۆ ســـەدی دوکان بەرێ دەکـــەوێ وەک خەونێکی گەورەکەبیرۆکـــەی پڕۆژەکـــەی ببینێ هاتۆتە دی.

ســـەرچاوە :[ئاپـــەر]ەی ئەرشـــیفی دوکان لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبوك











لە دوا شەودا.. یەک دوو قسە





کارۆخ ئیبراهیم





حەیدەر عەبدولڕەحمان

بەشی یەکەم

لەدەست پێکی نمایشکردنی ئەلقە سەرەتاییەکانی زنجیرە درامای (دوا شەو) ی دەرهێنەر(کارۆخ ئیبراهیم) بەرهەمەکە زۆر بەتوندی کەوتەبەر شالاوی ڕەخنەیەکی زۆری جەماوەری، بەڵام زۆرینەی ئەو ڕەخنانە، فۆرمێکی زانستیانەو لۆژیکییانەیان وەرنەگرتبوو، کە تێیدا بەرهەمەکە شەن و کەو کەن و دەست نیشانی کەم و کوڕییەکانی بکری و لایەنە نەگەتیف و پۆزەتیلفەکانیشی لەبەرچاو بگیری.

لەهەموو حاڵەتێکا پێویستە ئەو بەرهەمە وەک ئەزموونێک بخەینە ژێر تووێژینەوە، ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەو بەرهەمەو زنجیرە درامای (بەختەبارانە) ی نیاز لەتیفیش، لەدایک بووی قۆناغێکی تەرن لەقۆناغەکانی درامای کوردی دا، کە دوای چەندین ساڵ لەغیابی درامای کوردی و ئەو چەقینە درێژ خایەنە لە دایک بوون، کە بینەر تێیدا دووچاری بێ هیوایی ببو و .

بۆیە پرسی سەرهەڵدانەوەی درامای کوردی بوو بەزەروە، دەزگا میدیا کارەکانی خستە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی ئەخلاقی و نیشتمانی کە لەبری کڕینی زنجیرەی بیانی و خەرجیەکانی دۆبلاژ کردن، هەوڵی بەرهەم هێنانی زنجیرە درامای کوردی بدەن، بەڵکو بەو هۆیەوە بتوانن ئەلتەرناتیف بۆ زنجیرە درامای بیانی دابین بکەن، لەهەمان کاتیشدا بۆشایی غیابی درامای کوردیش پڕ کەنەوەو تینوویەتی بینەری کوردیش بشکێنن .

ئەو دوو دەرهێنەرە (کارۆخ ئیبراهیم) و (نیاز لەتیف) چانسی وەرگرتنی ئەو دەرفەتەیان بەرکەوت و کەوتنە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت، کە چۆن بتوانن لەو دەرفەتەدا دڵی جەماوەر لەخۆیان رازی بکەن و لەئاست ئەو متمانەیە دابن کە هەردوو دەزگای کورد ماکس و ئاڤا بەو دوو دەرهێنەرەیان بەخشی .

بەگوێرەی کارۆخ ئیبراهیم - ئەو دەرهێنەرێکی شانۆیی بووەو لەو بوارەشدا جێگەی متمانەی هەواداران شانۆییەکانی خۆی بووە، بەڵام بەهۆی ئەو هەلومەرجە ساردو سڕو چەق بەستووەی شانۆی کوردی، بڕیاری دەست هەڵگرتنی لەشانۆی کوردی دا، لەئان وساتێکا بڕیاری دا کەکاری دەرهێنانی تەلەفزیۆنی بدا، بێگومان ئەو بڕیارەش بڕیارێکی سەخت بوو، چونکە شانۆو تەلەفزیۆن دوو دنیای لێک جودان، هەریەک لەوان تەمەنێک ئەزموونی دەوێ تابتوانییت ئەرکێکی قورسی وەک دەرهێنانی زنجیرەیەکی 20 ئەلقەیی بگریتە ئەستۆی خۆت، بۆیە ئەو بڕیارە بۆ ئەو سەرکێشیەکی سەخت بوو.

ئەو لەدەستپێکدا پشتی بەچەند بنەمایەک بەست بۆ ئەوەی لەو سەرکێشیەدا سەرکەوتن بە دەست بێنێت

1- هێنانی کاستێکی پرۆفیشنال لەوێنەگرو هونەرکارە تورکییەکان بۆئەوەی زامنی وێنەگرتن دراماکەی بۆ بکەن، بەونەوەی وێنەگرتن ڕەگەزی بنەڕەتی درامایەو زامنی بەشێکی زۆری سەرکەوتنی دراماکەی بۆ دە کەن .

2- ئەنجام دانی گرێ بەست لەگەڵ زۆرێک لە هونەرمەندە دیارەکانی کوردستان لەسلێمانی و لە هەولێر، بۆ ئەوەی ناوە ناسراوو دیارەکانی بواری نواندن لەکوردستان هەم ببنە فاکتەرێکی ڕەونەقداری میدیایی بۆ بەرهەمەکە، هەمیش لەلایەنی نواندن لەبەرهەمەکەدا زامن کەن .

3- هێنانە پێشەوەی نوخبەیەک لەگەنجە کوڕو کچەکان، لەوانەی توانای باشی نواندنیان هەیە و هەندێکی تریان ڕوخساری سەرنج ڕاکێشیان هەبوو، بۆ ڕەونەق دارکردنی شاشە .

4- دەستەیەک لەمیدیا کارو نەخشەسازو گەنجی لەدەوری خۆیدا کۆ کردەوە، بۆ کاری ڕاگەیاندن وپەیوەندی و ڕاگەیاندن.

هەموو ئەو ڕەگەزانە بنەمایەک بوون بۆ ئەو پلان و نەخشەیەی کەدەرهێنەر دایڕشتبوو بۆ ئەنجام دانی کارەکەی، بەڵام ئەو پرسیارەی دێتە پێشەوە ئەوەیە ئاخۆ بەو هەموو خۆ ئامادە کردنەوە لەئەنجامدا بەرهەمەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا؟ یا تووشی شکستێکی گران بەها بوو؟

من دەڵێم: ئەگەر بەرهەمەکە وەک ئەزموونێکی هونەری وەربگرین دەڵێم، ڕەنگە بەرهەمەکە وەک شێوە لەگەڵ ئەزموونە ڕابوردووەکانی درامای کوردی جیاوازی هەیە، بەڵام ئێمەی کورد خاوەنی نین، کاتێک بۆمان هەبوو دڵمان پێیان خۆش بێت کە ئەو ئەزموونە ئەزموونی دەستی وێنەگرانی خۆمان بوایە، یا کۆمپانیایێکی کوردستان ئەو کوالیتەی دابین کردایە، بۆ نموونە ئێمە لەبەرهەمەکەدا شانازی بە مۆنتاژ دەکەین کە تێیدا گەنجێکی کورد (کاروان زامدار)کاری مرۆنتاژی بۆ کردووە.

بۆیە پرسی بەکارهێنانی خیبرەی بیانی لەهەر پرۆژەیەکی هونەری دا، ئەگەرچی کارێکی نا ئاسایی نیە، هەندێ لە دەرهێنەران بۆ کاری سینەمایی و درامی پیادەی دەکەن، ناگەڕێتەوە بۆ سەر لێهاتوویی دەرهێنەر، بەڵکو ئەو پرۆسەیە پرۆسەیەکی بازرگانیە، بۆ هەر کەسێک دەکرێت پارەی بۆ خەرج کات، بەڵام لەهەندێ حاڵەتیشا زیان بەخشە، چونکە ئەو ستافە مۆرکی تایبەتی خۆیانیان هەڵگرتووە، ستایلی ئەوان لەهەر بەرهەمێکدا بەکار بێت دەناسرێتەوەو دەزاندرێ کە ئەو ستایلە ستایلێکی تورکیە، بۆیە بایەخێک بۆ مۆرکی نیشتمانی و نەتەوەیی تۆ بەجێ ناهێڵێ و هونەری خۆیشت بە سەردا فەرز دەکات.

بەڵام خۆ تۆش نەتەوەیەکی پێت خۆشە بەدراما، بە سینەما، بە شانۆ ، بە موزیک ، خزمەت بە کولتووری نەتەوەکەی خۆتەوە بکەیت، ئەو کولتووڕە لەو کەناڵە هونەرییانەوە بەجیهان بگەینیت، ئەگەر سەبەینێ ئەو زنجیرەیە بەزمانێکی غەیرە کوردی تەرجەمە یا دۆبلاژ کرا، ئەو غەیرە کوردە لەرێگەی دراماکە ئاشنا بەزۆر لەسیما نەتەوەییەکانی تۆ بێت، نەک وا بزانێ بەرامبەر بەدراماییکی تورکی دانیشتووە، ئەی کەواتە ئێمە ڕوو بە ڕووی دراماکە بۆتەوە ئەویش کاری نووسین و سیناریۆی زنجیرە دراماکەیە.

کارۆخ نووسەر نیە، بەڵام لە هەستیارترین کاتدا بۆتە کەسێکی خۆ پەرست و بەرژەوند پەرست بەبێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکی هەبێت لەبواری نووسین و سیناریۆ تێکستی درامی دا، ئەو ئەرکەی خستۆتە سەر شانی خۆی، ئەو ئامادە بوو بۆ هەموو کارە هونەرییەکانی تر دەست کراوە بێت و ئەو کاستە هونەرییە لە تورکیا بێنێ و هونەرمەندانی هەولێرو سلێمانی لەیەک بەرهەمدا کۆ کاتەوە، بەڵام ئامادە نەبوو نووسەرو سیناریستێک بۆ بەرهەمەکەی دابین بکات و بەو هۆیەوە ڕوو بە ڕووی هەموو ئەوکێشانە بێتەوە کە لە دراماکەدا هەیە، چونکە سەرچاوەی کاتێ دەیانەوێت دەق ئامادە کەن، گرنگترین شت بەلای ئەوانەوە دەقە، بۆ زنجیرەکان چەندین نووسەرو چەندین سیناریۆ نووس کاری بۆ دەکەن ، هەندێکیان ڕۆژانە لەگەڵ ستاف دا دەمێننەوە بۆ هەندێ چارەسەری درامی لە کاتی وێنە گرتندا، هەر هەمووشیان کەسانی شارەزاو پسپۆرن لەبواری خۆیاندا.


ئەوانین دیمەن و گرێ ی درامی وروژێنەر دروست دەکەن و چارەسەری بۆ دادەنێین، ئەگەرنا بە تەنیا کەسێک چۆن 300 ئەلقە ئامادە دەکرێت، چ زنجیرە درامایەکی 20 ئەلقەیی هەیە ئەرکی نووسین و دەرهێنان و بەرهەم هێنان بگرێتە ئەستۆی تەنیا کەسێکی بێ ئەزموون لە نووسین، بێ ئەزموون لەدەرهێنانی تەلەلفزیۆنی، بێ ئەزموون لەبەرهەم هێنان؟



خەریکە کورۆنا ئابووریی جیهان شەکەت دەکات

نا: هەندرێن شێرزاد

لە دوایین راپۆرتیدا، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاستی گەشەکردنی ئابووری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیای دابەزاند و رایگەیاند کە دوور نیە ئەو ئاستە روو لە دابەزینێک بکات کە 50ساڵە شتی لەو بابەتە رووی نەداوە ، ئەمەش زیاتر بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا و دابەزینی ئاستی داواکاری لەسەر نەوت.



کۆمپانیای فرۆکەوانیی ئیمارات

بە گوێرەی راگەیاندنێکی بەڕێوەبەری کۆمپانیای فرۆکەوانیی ئیمارات ، کە یەکێکە لە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی جیهان ، بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەمواڕە ئابووریەی ئێستا ، بڕیار وایە لە کۆی 60هەزار کارمەند ، نزیکەی 9هەزاریان ڕەوانەی ماڵەوە بکرێنەوە . بە پێی هەواڵێکی بی بی سی ، لە کۆی 4500فرۆکەوانی سەر بەو کۆمپانیایە ، نزیکەی 700کەسیان ئاگادار کراونەتەوە کە دوور نیە کۆمپانیا دەستبەرداری خزمەتیان بێ. لە لایەکی دیکەوە، یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ گواستنەوەی ئاسمانی کە 290کۆمپانیای فرۆکەوانی ئەندامن تیایدا، پێشبینی ئەوەی کردووە کە کۆمپانیاکانی فرۆکەوانی جیهان لە ساڵی 2019زیاتر لە 84ملیار دۆلار زەرەر دەکەن ، وێڕای لەدەستدانی ملیۆنێک کارمەند.

بانکەکانی جیهان




لە راپۆرتێکی تایبەت بە ستاندەرد ئەند بورز گلۆبالدا هاتووە ، لە قەردەکانی کۆتایی ساڵی داهاتوودا دەردەکەوێ کە تەنگژەی ڤایرۆسی کورۆنا 2.1تریلیۆن دۆلار زیانی بە کەرتی بانکەکانی جیهان گەیاندووە. ئەم دەرگایە لە راپۆرتەکەیدا باسی لەوەش کردووە کە زیانی قەردەکانی ئەمساڵ دەگاتە 1.3تریلیۆن دۆلار و نزیکەی 60% ی ئەو زیانانەش(1.2تریلیۆن دۆلار) بەر کیشوەری ئاسیا و ئۆقیانووسی هێمن دەکەون . هەروەها پشکی وڵاتانی ئەمەریکای باکور لەو زیانانە 366 ملیار دۆلار و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا 228ملیار دۆلار و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا 142 ملیار دۆلار و ئەمەریکای لاتین 131ملیار دۆلار بێ.

دۆلار لە مەترسی دایە

بە گوێرەی زانیاریەکانی وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا ، کورتهێنانی بودجەی ئەمەریکا تەنیا لە مانگی ڕابردوو 864.1 ملیار دۆلار بووە ، ئەمەش دوو ئەوەندەی کورتهێنانی مانگی پێشتر بووە ، وەزارەتی ناوبراو ڕاشیگەیاند کۆی ئەو کورتهێنانە 1.1تریلیۆن دۆلار بووە ، بەرامبەر نزیکەی 240 ملیار دۆلار داهات ، واتە نزیکەی 30%ی خەرجیەکان. لەو بارەوە هێنری بۆلسۆنی وەزیری پێشووی خەزێنەی ئەمەریکا ڕایگەیاند ئایندەی دۆلار ڕاستەوخۆ دەوەستێتە سەر ئاستی ئامادەیی واشنتۆن بۆ دارشتنی ستراتیژیەتێک کە ببێتە مایەی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە قەرد و کورتهێنانی بودجەوە هەیە ، ئەگەر نا دوور نیە ئەم بارودۆخە ببێتە مەترسی بۆ سەر ئایندەی دۆلار وەک دراوێکی یەدەگی جیهانی.

کاریکاتێر



ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی

لە ڕاپۆرتەکەی سندووقی دراوی نێودەوڵەتیدا هاتووە لەو بارودۆخە ناهەمواردا ئەو وڵاتانەی لە بنەڕەتدا کێشە و گرفتیان هەیە لە وڵاتانی دیکە زیاتر زەرەرمەند دەبن ، بەجۆرێک داهاتی تاکێک لەم وڵاتانە کە پارسانْ 2900 دۆلار بووە ، پێشبینی دەکرێ ئەم داهاتە بۆ 2000 دۆلار دابەزێ ، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشە و گرفتە ئابووری و مرۆییەکان و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی هەژاری و بێکاری. هەر بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتە ، دوور نیە لەدەستدانی کار و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی هەژاریی و نەبوونی یەکسانی بین بە هۆکارێک بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە نەتوانن سەقامگیریی وڵاتانیان بپارێزن.

هۆشداریی

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەو ڕاپۆرتەدا هۆشداریی دەدات لەوەی ئەو تەنگژە ئابوورییە تونديە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیای گرتۆتەوە ، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستەکانی هەژاری و بێکاری ، دوور نیە ئەمە ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی لێ بکەوێتەوە و بودجەی وڵاتانیش کورت بێنێ و ڕێژەی قەرزی گشتیش بەرز بێتەوە. ئەو دەزگایە لە ڕاپۆرتەکەیدا پێشبینی دەکات ئەمساڵ ئابووری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا بە ڕێژەی 5.7% دابەبەزێ ،ئەم ڕێژەیە لەو وڵاتانەی کێشە و گرفتیان هەیە دەگاتە 13%.

بە ژمارە

زۆربەی پێشبینیەکان باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە وڵاتانی تر ، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت دەکەونە بە کاریگەریی ئەم تەنگژە جیهانیە و ڕێژەی زیانەکانی ئەوان زیاتر دەبێ ، ئەمەی خوارەوە کۆی ئەو زیانانەیە کە پێشبینی دەکرێ ساڵی 2020 بەر ئەم وڵاتانە بکەوێ:

ڕووسیا : 117ملیار دۆلار ، سعودیە: 113 ملیار دۆلار ، ئیمارات: 50 ملیار دۆلار، عێراق : 47 ملیار دۆلار ، قەتەر: 31 ملیار دۆلار، نایجیریا: 26 ملیار دۆلار ، کوێت : 23 ملیار دۆلار ،ئەندۆنیسیا: 20ملیار دۆلار، ئەنگۆلا: 15 ملیار دۆلار ،ئێران : 10ملیار دۆلار.



دەستی کار

بە گوێرەی ئەو بارودۆخە ناهەمواڕەی ئێستا پێشبینی دەکرێ ئاستەکانی قەرزکردنیش ڕوو لە بەرزبوونەوە بکەن ، بۆ نموونە : لە سودان 258%ی کۆی داهاتی ناوخۆیی و لە لوبنان 183%و لە میسر زیاتر لە 90%؟ لە لایەکی دیکە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی باسی لەوە کردووە کە پاشەکشەکردنی ڕێژەی کرێکاری دەرەوە کە زیاتر لە 70%ی دەستی کاری هەندێک وڵاتی هەناردەکاری نەوت پێکدێنن کاریگەریی زۆری دەبێ بۆ سەر دووبارە گەشەکردنەوەی ئابووری ئەم وڵاتانە. بە گوێرەی زانیاریەکانیش نزیکەی 25ملیۆن کرێکاری بیانی لە وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەندا و کار دەکەن و نزیکەی نیوەی دانیشتوانی سعودیە و ئیمارات و بەحرێن و کوێت و عومان و قەتەر پێکدێنن.



تەنگژەیەکی کەموێنە

بە گوێرەی زانیاریەکان ، پێشبینی دەکرێ ئابووری وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو کە پشت بە وزە دەبەستن بە ڕێژەی 7.1%ڕوو لە دابەزین بکات ، ئەمەش بە ڕێژەی 4.4%کەمتر لە پێشبینیەکانی ڕابردوو. لەو بارەوە بەڕپرسێکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی دەڵێ: بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کورۆنا ، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تووندیان گرتە بەر ، بە ڕادەیەک زۆربەی چالاکیە ئابووریەکانیان هەڵپەساردە ، لەوڵاش نرخەکانی نەوت ڕوویان لە داتەپین کرد ، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ وڵاتانی ناوچەکە ، ئەوانەی پشت بە نارندەدەرەوەی نەوت دەکەن ، نزیکەی 270ملیار دۆلار لە داهاتەکانیان لەدەست بدەن.

دراوی یەدەگی بیانی

ئەمەی خوارەوە لیستی ئەو وڵاتانەیە کە پێشبینی دەکرێ ساڵی داهاتوو خاوەنی زۆرترین بڕی دراوی یەدەگی جیهانن:

چین: 3.399 ملیار دۆلار ، ژاپۆن : 1.387 ملیار دۆلار ، سویسرا : 850 ملیار دۆلار ،ڕووسیا: 562ملیار دۆلار ،سعودیە: 501 ملیار دۆلار ،تایوان: 479 ملیار دۆلار ، هۆنگ کۆنگ : 475 ملیار دۆلار ،هیند: 473 ملیار دۆلار ،کۆریای باشوور: 409 ملیار دۆلار، بەرازیل : 359 ملیار دۆلار.

کلکداری NEOWISE) C/2020 F3) بۆتە میوانێکی سەرنجڕاکێشی ئاسمانی کوردستان و وڵاتانی جیهان



کلکداری C/۲۰۲۰ F۳ (NEOWISE) یەکێکە لەو تەنە ئاسمانیانەی کە تازە دەکەوێتە بەرچاوی فەلەکناسان و بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی (تلسکۆبی ئاسمانیی NEOWISE) لە ۲۰۲۰,۳,۲۷ دا دۆزرایەوە.

پسپۆڕانی فەلەکناسی دەڵێن لە ۲۰۲۰,۷,۲۳ دەگاتە نزیکترین خاڵ لەگەڵ زەوی و ماوەی نێوانمان ئەوکاتە دەگاتە ٥٤ ملیۆن کیلۆمەترو هیچ هەڕەشەیەکی بۆ دروست ناکات، بەڵام سەبارەت بە چۆنییەتی دەرکەوتنی، ئەوا هیچ بیرۆکەیەکی ڕوونیان نییە، چونکە لەماوەی چەند ساڵێکی ڕابردوودا چەند کلکدارێک کرانە ئامانجی زۆر گەورەو چاوەڕوان دەکرا بە شێوەیەکی یەگجار زۆر سەرنجڕاکێش لە ئاسماندا دەربکەون، بەڵام هیچ لەمانە ڕووی نەدا، بۆیە، پسپۆڕان سەریان سوڕماوە لە هەڵسوکەوتی هەندێ لەو کلکدارانەی کە تازە دەدۆزرێنەوەو زانیارییەکی زۆر کەم دەربارەیاندا دەزانرێ.

سەبارەت بە بینینی، ئەوا لە ماوەی کاتژمێرێک پێش هەڵاتنی خۆرو کەمێک بەرزتر لە هەمان ئەو ئاراستەیەی کە خۆری لێ هەڵدێت، واتەلە ئاراستەی باکووری ڕۆژهەڵاتەوە، وە هەرچەندە لە ڕووناکی ناوشارو دووکەڵەکەیەوە دوور بکەوییەوە، ئەوا هەڵی بینینی زیاتر دەبێ و زۆر جواتر ڕوونتر دەردەکەوێ، هەروەها خاڵێکی دیکەش هەیە ئەویش نەبوونی هیچ بەربەستێکی گەورەی سروشتی یان دەستکرد لەنێوان ڕوانگەکارو کلکدارەکە، چونکە مەودایەکی نزمی هەیە لە ئاسۆدا.

لەنێو مۆبایلەکاندا ئاپی زۆر پێشکەوتوو هەن وەک (سکای چارت) و (سکای ماپ) و نایت سکای) و (سکای پۆرتاڵ) کە بە سانایی شوێنی کلکدارەکەت بۆ دەستنیشان دەکەن لەنێو نەخشەی ئاسمانیدا، جا ئەگەر توانیت شوێنەکە بدۆزییەوە، تەنانەت لەناو شاریش بی ئەوا دەتوانی لە ڕێگەی دووربینی ئاساییەوە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش ببینی، وە ئەگەر لە دەرەوەی شار بووی و ناوچەیەکی بەرزت دەستکەوت، ئەوا باشترین هەلت دەستدەکەوێ بۆ گرتنی وێنەی فەلەکیی نایاب بۆ ئەو کلکدارە، لە ڕێگەی کامێراو تلسکۆبەوە پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت و بە تەواوی دیمەنەکە لەدەست بدەی.

سەبارەت بە ماوەی مانەوەو بینینی لە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوا دواییەن هەل بۆ بینینی ئەو کلکدارە ڕۆژی یەکشەممەیە ۲۰۲۰,۷,۱۹ دوای ئەوە زۆر ئەستەمە ببینرێت، لەگەڵ هەڵاتنی خۆر دەکەوێتە دواوەی ئاسۆی نێوان باکوور-باکووری ڕۆژهەڵاتەوە.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانییە کەوا ئەو کلکدارە لە ماوەی ٦٧٦٥ ساڵ جارێک خولێک بە دەوری خۆردا تەواو دەکات. سەبارەت بە دووبارە هاتنەوەی، ئەوا دوای ئەنجامدانی پێوانە زانستییەکان بۆ جووڵەو ئاڕاستەو خێرایی و شێوەی خولگەکەی لەنێو سیستەمی خۆردا دەرکەوت کەوا کاتژێر ٠٦:٣١ خولەکی ی ئیچوارەی ڕۆژی ٢٤ ی حوزەیرانی ساڵی ٨٧٨٦ ی میلادیی ئەو کلکدارە لە ئاسمانی هەسارەی زەویدا دەردەکەوێتەوە.


جێگای ئاماژە پێدانە کەوا لە ماوەی نێوان ئادارو نیسانی ساڵی ١٩٩٧ کلکدارێکی زۆر ناودارتر لەوە لە ئاسمانی کوردستان و جیهاندا دەرکەوت، ئەویش کلکداری (هێیل – بوپ) بوو و ١٠ جار لەو کلکداری ئێستای (نیۆ وایز) گەشتر بوو و دوای ئاوابوونی خۆر دەردەکەوت و زۆر بە سانایی بە چاوی ئاسایی دیاربوو، ئەویش لە ماوەی ٢٥٣٣ ساڵ جارێک خولێک بە دەوری خۆردا تەواو دەکات، واتە ئەو کلکدارەش لە ساڵی ٤٣٨٥ ی میلادیی جارێکی دیکە دەردەکەوێتەوە.

تەقینەوەیەکی مەزن لەسەر ڕووی نزیکترین ئەستێرە لە خۆردا ڕوویدا

نزیکترین هەسارە لە زەوی کە دەکەوێتە دەرەوەی سیستەمی خۆری خۆمان ناسراوە بە (پرۆکسیما سینتۆری – B) و بە مەودای نزیکەی (٤٠ هەزار ملیار کیلۆمەتر) لێیانەوە دوورەو لە ڕووی قەبارەو دووڕییەکەی لە ئەستێرەکەیدا، زۆر نزیکە لە زەوی، ڕووبەڕووی کارەساتێکی گەورە بۆتەوە، دوای ئەوەی تەقینەوەیەکی مەزن لەسەر ڕووی ئەستێرەکەی خۆی کە ناسراوە بە (پرۆکسیما سینتۆری – A) دا ڕوویداوەو هێزی ئەو تەقینەوەیە گەیشتۆتە ١٠ جار ئەوەندەی بەهێزترین ئەو تەقینەوانەی کەلەسەر ڕووی خۆری خۆمانداڕوو دەدەن، هەر ئەمەش وای لە فەلەکناسان کردووە کەوا هیواو ئاواتیان یەگجار زۆر کەم بێتەوە بۆ مانەوەی ژیان لەسەر ڕووی ئەو هەسارە دەرەکییەدا، ئەگەر پێشی تەقینەوەکەدا هەیبووبێ.


تیمی پسپۆڕانی فەلەکناسی پسپۆڕ لە (زانستی هەسارە دەرەکییەکان) ی سەر بە (زانکۆی North Carolina) لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ئاشکرایان کرد کەوا ئەو تەقینەوەیە وای لەو ئەستێرەیە کرد کە ٦٨ جار ئەوەندە گەشتر ببێتەوە، هەربۆیە گومان لەوەدانییە کەوا ڕووی هەسارەکەی کە بە دەوریدا دەخولێتەوە، دووچاری بەرکەوتن بووە بە بڕێکی یەگجار زۆر مەزن و لەناوبەری تیشکی (سەرووی وەنەوشەیی - UV) کە گەیشتۆتە ئاستی ١٠٠ جار ئەوەندە زیاتر لەو ئاستە سروشتییەی کە ڕێگە دەدات ژیان لەسەر ڕووەکەیدا بەڕێوەبچێت، وە لەسەرووی هەموو ئەوانەی دووچاری مەترسی لەناوچوون دەبنەوە لە دەرەنجامی ئەمجۆرە تیشکانەدا، زیندەوەرە هەرە بچووکەکانن.

پێش ئەو تەقینەوەیەی ئەم دواییەی سەر ڕووی ئەستێرەی (پرۆکسیما سنتۆری) دا، فەلەکناسان لەساڵی ٢٠١٦، پێنج حاڵەتی دیکەی تەقینەوەی بەهێزیان بینیبوو، وە ئەگەر گریمان هەسارەکە چینی (ئۆزۆن) ی هەبوویێت، ئەوا لە ماوەی ٥ ساڵدا بڕی ٩٠٪ ئەو چینە هەرە گرنگەی بەرگەهەوایەکەی لەدەست دەدات، بێگومان ئەو چینەش ڕووی هەموو هەسارەکان دەپارێزی لە بەرکەوتنی لە ڕادەبەدەری تیشکی سەرووی وەنەوشەیی کە لە خۆرەکانیانەوە دەردەچێ، وەک ئەوەی زەوی خۆمان هەیتی، وە ئەگەر حاڵی ئەو ئەستێرەیە وا بڕوات، ئەوا دوای ١٠٠,٠٠٠ ساڵی دیکە تەواوی بەرگەهەوای هەسارەی (پرۆکسیما سنتۆری – B) لەناودەچێت، بە مەرجێ ئەگەر لە بنەڕەتەوە بەرگە هەوای هەبێت.



ڕێژەی ئۆزۆن لە جەمسەری باکووردا نزمبۆتەوە





پسپۆڕانی ئاژانسی ناسا هۆشداریان داوە لە نزمبوونەوەیەکی چاوەڕوان نەکراوی گازی ئۆزۆن لە جەمسەری بەستووی باکووردا، ئەمەش دوای وردبوونەوەو شیکردنەوەی داتای مانگە دەستکردەکان کە لە ٢٠٢٠,٣,١٢ەوە ڕەوانەی زانایان کرابۆوە.

پێشتر زانایان لەو ئاشنا ببون کەوا ساڵانە لە جەمسەری بەستووی باشوور و لە نێوان مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم – کە بێگومان لەو ناوچانەدا وەرزی بەهارە بە پێچەوانەی نیوەگۆی باکوور کە دەستپێکی وەرزی پاییزە- ڕێژەی چڕیی گازی ئۆزۆن کەم دەبێتەوە بۆ ڕێژەی ناسراو بە ١٢٠ دۆبسۆن و پسپۆڕان ناوی دەنێن بە لەدەستچوونی چڕیی ئۆزۆن و پاشان ڕێژەکە دەست بە چڕبوونەوە دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لە جەمسەری باکوورو لە وەرزی بەهاریدا تۆمارکراوە ڕێژەیەکە پێشتر تۆمار نەکراوەو گەیشتۆتە ٢٥٠ یەکەی دۆبسۆن.

لەم بارەیەوە پسپۆڕان دەڵێن هۆکاری سەهەڵدانی ئەم کەمبوونەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی لاوازبوونی ناسروشتی چەند شەپۆلێکی هەوایی لە چینە بەرزەکانی بەرگە هەوادا کە بەهەمان شێوەش لە نێوەگۆی باشووری زەویشدا هەیەو بریتییە لە کردای بەرزبوونەوەی تەوژمی هەوایی لە چینە نزمەکانی بەرگە هەوا بۆ ناستە بەرزەکان، بە تایبەتیش لە ناوچەکانی سەرووی هێڵەکانی ناوچەی ناوەڕاستی زەوی، کە ئەمەش بە دەوریەوە دەبێتە هۆی نەگەیشتنی گازی ئۆزۆن و دابەشبوونی بە هاوسەنگی لە ناوچەکانی جەمسەری باکووری زەوی و لە هەمان کاتدا دروستبوونی هەوری ناسراو بە (هەورەکانی ستراتۆسفێری جەمسەریی) کە یارمەتیدەری کرداری لەدەستدانی چینی ئۆزۆنە.

پسپۆڕانی ئاووهەوا دەڵێن، ئەگەر بهاتبا پێشتر (پەیاننامەی مۆنتریال) ی تایبەت بە سنووردارکردنی ڕێژەی فڕەدانی پێکهاتەی کیمیایی فەوتێنەری چینی ئۆزۆن کە ناسراوە (کلۆرۆفلۆرۆ کاربۆنەکان) جێبەجێ نەکرابوویە، ئەوا بێگومان ئێستا دەرەنجامێکی یەگجار زۆر خراپترمان دەکەوتە دەست.

دوای ئەوەی ریال ناسناوەکەی بردەوە، چێلسی 35 ملیۆن یۆرۆی قازانج کرد




یانەی چێلسی ئینگلیزی سوودمەندی یەکەم بووە لە پاڵەوان بوونی ریال مەدرید و ئەو یانەیە پارەیەکی زۆر بەم بۆنەیە بەدەست دێنێت.

ماڵپەڕی ESPN بڵاویکردووە ئەو کاتەی یانە لەندەنیەکە دەستبەرداری ئێدین هازارد یاریزانی بەڵژیکی بوو بۆ شاهانەکان، لە بەندێکی گرێبەستەکەدا مەرجی ئەوەیان دانابوو لە ئەگەری بەدەستهێنانی نازناوی لالیگا پێویستە ٢٠ ملیۆن یۆرۆ بداتە چێلسی و بەرامبەر سەرکەوتی یانە مەدریدیەکە بۆ چامپیۆنس لیگ پێویستە بڕی ١٥ ملیۆن یۆرۆی دیکە بداتە یانە لەندەنیەکە، بۆیە دوای مسۆگەر کردنی نازناوی ئەم وەرزەی لالیگا و سەرکەوتنیان بۆ چامپیۆنسلیگ شاهانەکان پێویستە ئەو پارەیە پێشکەش بە یانە ئینگلیزیەکە بکەن.

هازارد هاوینی رابردوو بەرامبەر ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە ریال مەدرید کرد و لە یەکەم وەرزی بە هۆی پێکانە یەك لە دوا یەکەکانی نەیتوانی بەشداری زۆربەی یارییەکانی یانەکەی بکات.

یۆڤانتۆس بۆ وەرزی تازە خۆی نوێدەکاتەوە



بەرپرسانی یانەی یوڤانتسی ئیتالی، بیر لە ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەك لە پێکهاتەی یانەکەیاندا بۆ رکابەرییەکانی وەرزی داهاتوو دەکەنەوە.

میدیای ئیتالیا باڵاویکردەوە، یوڤانتس هەڵسەنگاندن بۆ چەند ناوێك دەکات بۆ ئەوەی لە گواستنەوەی هاوینەدا دەستبەرداریان ببێت، بەهۆی ئەو ئەنجامانەی لە ماوەی رابردوودا لە خولی ئیتالیا و چامپیۆنزلیگدا بەدەستیهێنا ون.

گۆنزالۆ هیگواین لەپێشەوەی لیستی ئەو یاریزانانەیە کە ئەگەری هەیە لە یانەکە بڕۆن، سەرەرای ئەوەشی کە یاریزانەکە تاوەکو ئێستاش زۆرینەی کاتەکان لە پێکهاتەی سەرەکی یارییەدەکات.

چەند یاریزانێکی دیکە لە لیستەکەدا هەن، بەڵام ئەوان یوڤانتس دەیەوێت گۆڕینەوەیان پێبکات، ئەویش فێدریکۆ بێرناردێسکی، کریستیان رۆمێرۆ و لوکاو پیلێگرینین، کە ئەم دووانە بە خواستن دراونەتە یانەکانی جێنەوا و کالیاری. بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کالچێۆ مێرکاتۆ، سامی خدێرا، بلەیز ماتویدی، ماتیا دیچیلیۆ و دانیێلی روگانی بەشێکی دیکەی ئەو یاریزانانەن کە خانمە پیرەکە بیر لە دەستبەردابوونیان دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی میرالیم پیانیچ چووەتە یانەی بەرشلۆنە.

یوڤانتس ئێستا ئەنجامەکانی وەك پێویست نین، لە سێ یاریی رابردوودا لە سێریا ئەیدا نەیبردووەتەوە، بەرامبەر میلان دۆڕا، لەگەڵ ئاتالانتا و ساسولۆ یەکسانبوو.

رۆنالدۆ گۆڵکاری سەدەی 21ـە



کریستیانۆ رۆنالدۆ، ئەفسانەی تۆپی پێی پورتوگال و یانەی یۆڤانتسی ئیتالی، لەسەرووی لیستی گۆڵکارانی سەدەی بیست و یەك دێت. رۆنالدۆ، بە جیاوازی ٣٢ گۆڵ لە پێش رکابەرە هەمیشەییەکەی، لیونێل مێسی، ئەفسانەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانییەوە دێت. لیستی١٠ گۆڵکاری سەدەی ٢١ بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

- کریستیانۆ رۆنالدۆ: ٧٣٢ گۆڵ.
- لیونێل مێسی: ٧٠٠ گۆڵ.
- زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ: ٥٢٣ گۆڵ.
- رۆبرت لیڤاندۆڤسکی: ٤٦٦ گۆڵ.
- لویس سواریز: ٤٦٢ گۆڵ.
- سێرجۆ ئەگویرۆ: ٤١٦ گۆڵ.
- ساموێل ئیتۆ: ٤٠٦ گۆڵ.
- کلاس یان هۆنتیلار: ٣٩٩ گۆڵ.
- ئەدینسۆن کاڤانی: ٣٨٩ گۆڵ.
- دێڤید ڤیا: ٣٦٨ گۆڵ.

رەمزی میرەکانی

ئینتەر حەز دەکات سانچێز بەیەکجاری بۆ ئەوان بێت



ئەگەر چی ئەلیکسیس سانچێز لە ناوەڕاستی وەرزدا پێکانی هەبوو، بەڵام سەرکەوتوو بوو لەوەی وەرزەکە بەئاستێکی باش لەگەڵ یانەی ئینتەر میلان کۆتایی پێ بهێنێت.

سانچێز لە ٢٢ یارییدا لەگەڵ ئینتەر میلان توانی هەموو پێشبڕکێیەکان بباتەوە و دوو گۆڵ تۆماربکات و ٧گۆڵیش دروست بکات، بۆیە ئێستا یانەی ئینتەر هەوڵی ئەوە دەدات بەیەکجاری لە یانەی مان یونایتدی بکڕنەوە کە ئێستا بەشێوەی خواستن لە ئینتەر یاری دەکات.

رۆژنامەکانی ئیتاڵیا ئاشکرایان کردووە کە یانەی ئینگلیزییەکە بڕی ٢٠ ملیۆن یورۆی داناوە هەر یانەیەك ئەو یاریزانە بکڕێت.

سیڤیا چاوی بڕیوەتە گۆتزە



سیڤیا زۆر حەزدەکات بۆ وەرزی داهاتوو گۆتزە بباتە ریزەکانییەوە، کە پلانی ئەوەیە ریزەکانی بەهێزتر بکابەرییەکانی داهاتوویدا.

سەرچاوەیەك لە یانەی دۆرتمۆند ئاشکرای کردووە کە گۆتزە تا ئێستا چارەنووسی خۆی لەگەڵ یانەی دۆرتمۆند یەکلایی نەکردۆتەوە و ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی نیازی هەیە وەرزی داهاتوو بەدرێسێکی دیکە یاری بکات، بەتایبەتیش لەوەی کە چەندین یانە پەیوەندییان پێوە کردووە، لەنێویاندا یانەی سیڤییای ئیسپانی.

بەپێی دوا زانیارییەکانیش پێناچێت یانە ئەڵمانییەکە وا بەئاسانی دەستبەرداری ئەو ئەستێرەیە ببێت، چونکە رۆڵێکی بەرچاوو

یاری هەبووە لە یانەکەی و ئێستا ئەو لەئاستێکی بەرزیدا دەردەکەوێ.

پابەند دەبین

خەبات XEBAT

Sun. 19 Jul. 2020 No.:(5975)

KHABAT www.xebat.net info@xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595
یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

دکتۆر فرانۆ ئیشۆ:

بیانییەک لە کوردستان.. بۆ زمانی کوردی، لە کورد پەڕۆشترە

کارەساتە لەناو ماڵی خۆتدا زمانی دایک حیسابی بێگانەی بۆ بکرێ



دیدار: سابیر حوسێن

ئەو پەروەردەکارێکی پەروەردە ناسە، لەسیستەمە پەروەردەییەکان بیرو بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەیە، تەنانەت بچێتە هەر ولاتێك کاریگەری و شوێن پەنجەی خۆی تێدا جێدەهێڵێ. خۆی دانی بەوە دانا، کە لەسەر دەستی دایك و باوکێکی نەخوێندەواری ئەلبانی پەروەردە بووە، بەڵام لە منداڵییەوە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کردووەو لە ویلایەتی میشیگان گیرساونەتەوە. دایك و باوکی لە ماڵەوە ڕێگەیان نەداوە جگە لە زمانی ئەلبانی، زمانی دیکەی بیانی بەکار بهێنێ، بۆیە هەر لە منداڵییەوە فێری ئەوە بووە کە زمانی دایك نابێ ڕکابەری هەبێ،ئەگەر زمانی دووەمیش فێر بووی، نابێ لەسەر حیسابی زمانی دایك بێت، چونکە زمانی دایك موقەدەسە...



ئەو ئەکادیمیستە ناوی دکتۆر فرانۆ ئیشۆیە، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بریتانی نێودەوڵەتی(بسك)ە، تێزی دکتۆراکەی لەسەر فرە کەڵچەرییە، لە دیمانەیەکی ڕووبەروو بۆ ڕۆژنامەی خەبات جەختی کردەوە: کە تایبەتمەندییەك لە ئەزموونی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان سەرنجی ڕاکێشابێت ئەوەیە، کە خێزانەکان کاتێك منداڵەکانی



دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا: قوتابخانە نمونەیی و نێودەوڵەتییەکان،بەچاوی مونافەسەکردنی (مەگدۆنالد و کەی ئێف سی) تەماشای سیستەمی پەروەردەیی دەکەن...!!

خۆیان دەنێرنە قوتابخانە تایبەتەکانی زمانی ئینگلیزی، هەموو ئاواتیان ئەوەیە کە منداڵەکانیان لە جیاتی زمانی کوردی بە زمانی ئینگلیزی گفتوگۆ بکات، ئەوەش کارێکی زۆر نێگەتیڤەو کەمو کوڕیەکەو جێگەی شانازیکردن نییە، منداڵێك زمانی دایکی خۆی لەبیر بکات و زمانی بیانی فێر بێت ئەوە چ هەستێکی پڕ لە کەمو کوڕیە، دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا، جەختی کردەوە کە لەم قوتابخانە نمونەیی و تایبەتانەدا زمانی کوردی وەك زمانی بێگانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، چونکە لە کۆی هەموو کاتژمێری وانە وتنەوە بە زمانی بیانی، تەنها دوو کاتژمێر لە هەفتەیەکدا بۆ وتنەوەی زمانی کوردی تەرخان کراوە واتە شەرمنانە پەراوێز خراوە، ئەم زانیاریەش وەك مەرج لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان فەرز کراوەتە سەر قوتابخانە نمونەیی و تایبەتەکانی نێودەوڵەتی وەك ئێمەمانان. ئەوەش بۆخۆی کارەساتە تۆ لەناو ماڵی خۆتدا زمانی دایکی خۆت حیسابی بێگانەی بۆ بکرێ، ئەم جۆرە مۆدیلە پەروەردەییە لە هیچ وڵاتێکی جیهان وێنەی نییە.

دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بریتانی نێودەوڵەتی دووپاتی کردەوە: کە ئەم خۆ بەکەمزانینەی تاکی کورد وای کردووە لەسەر سێکتەرەکانی دیکەی ژیانیش ڕەنگداتەوە، بۆ نمونە پزیشکێکی تورکی یان ئێرانی یان ئەڵمانی لە پزیشکێکی کوردی بەباشتر بزانی، یان کەرەسەیەکی ئەمەریکی لە کوردی بەباشتر بزانی، ئەمە کارەساتە، من ئێستا هاوڵاتییەکی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمەریکیم، بەڵام لە کوردستان چارەسەری داخەوە بەشانازیەوە هاتبوونە لام و دەیانگوت: ئێمە لەگەل منداڵەکەمان لە ماڵەوەش بە زمانی ئینگلیزی گفتوگۆ دەکەین و زمانی کوردی بەکار ناهێنین، من بەو قسەیە شەرمم لە خۆم کردەوەو ڕاستەوخۆ پێم گوتن، کە فەرامۆشکردنی زمانی دایك کارێکی هەڵەیە، با زمانی دیکە فێر بن، بەڵام فێربوونی زمانی بیانی لەسەر حیسابی زمانی دایك هەڵەیەکی گەورەیە.

دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا بۆ خەبات ڕوونی دەکاتەوە: کە نابێ کورد بڵێ ئەوە بۆ هۆکاری ژێر دەستەیی و داگیرکاری دەگەڕێتەوە، نەخێر من دەڵێم وانییە، چونکە ئەوە پەرلەمانی کوردستانو سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە ڕێساو یاسای پەروەردەیی داناوە، خۆ دۆناڵد ترامپ لە ئەمەریکاوە نالێ پێویستە بەو شێوەیە زمانی دایك فەرامۆش بکەن و زمانی ئینگلیزی بکەنە زمانی باڵای خۆتان...!!

دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا: لە قوتابخانە نمونەیی و نێودەوڵەتییەکان، زمانی کوردی وەك زمانی بێگانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا ڕوونی دەکاتەوە: کە نابێ کورد بڵێ ئەوە بۆ هۆکاری ژێر دەستەیی و داگیرکاری دەگەڕێتەوە، نەخێر من دەڵێم وانییە، چونکە ئەوە پەرلەمانی کوردستانو سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە ڕێساو یاسای پەروەردەیی داناوە، خۆ دۆناڵد ترامپ لە ئەمەریکاوە نالێ پێویستە بەو شێوەیە زمانی دایك فەرامۆش بکەن و زمانی ئینگلیزی بکەنە زمانی باڵای خۆتان...!!

دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا زیاتر دەڵێ: وەك شارەزایی خۆم بەلامەوە گونجاوترە کە سیستەمی(50/ 50) بەکار بهێنرێ لەو قوتابخانانەی بە زمانی ئینگلیزی کراونەتەوە لە کوردستان، لەو بارەشەوە پرۆژەیەکی پەروەردەیم پێشکەشی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان کردووە، بەڵام تا ئێستا وڵامم نەدراوەتەوە.لە کۆتایشدا دکتۆر فرانۆ ئیشۆیزا جەختی کردەوە کە ئەو قوتابخانانەی بە زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان کراونەتەوە، سالانە لەجیاتی ئەوەی مونافەسە لەسەر پێشکەشکردنی باشترین پرۆسەی فێرکردن بکەن، کەچی مونافەسەیانە لەسەر ئەوەی کام قوتابخانە زۆرترین قوتابی بۆخۆی ڕابکێشێ و زۆرترین قازانجی مادی بکات، بەداخەوە دەڵێم ئەوە مونافەسەکردنی (مەگدۆنالد و کەی ئێف سی) نییە، بەڵکو ئەوە سیستەمی پەروەردەیە، ئەمانەتی نەوەیەکە کە ئایندەی چاوەروانیەتی...



هونەرمەند ڕۆژ ئازاد گۆرانی (مژدەی شنە)ی بڵاوکردەوە

بەرهەم شێخ عەزەدین

لەمیانی دیمانەیك کەبۆخەبات لەگەڵی ئەنجامدراوە هونەرمەندی لاو ڕۆژ ئازاد،دەربارەی گۆرانی مژدەی شنە،کەچەند ڕۆژێکە بڵاوی کردۆتەوە گوتی:مژدەی شنە باس لەخۆزگەی عاشقێك دەکات کەچاوڕێی مژدەی هاتنەوەی یاری دەکات،ئەم گۆرانییە لە هۆنراوە: یەحیا بەرزنجی و ئاواز و دابەشکردن: کاوان مەحمود و تۆماری دەنگ: ستۆدیۆ پێشەوا و کاری وێنە گرتنی لەلایەن کۆمپانیای (SZ) بۆ کراوە. ئەم گۆرانییە ئێستا لەبەرچاوگوێی بینەر و بیسەری کوردستانە و هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچوك بەهونەری کوردستان بکەم.



گۆنول دیلان گۆرانییەکی سەعید یوسف دەڵێتەوە

هەمزە سەرحان

گۆنول دیلان، خانمە گۆرانیبێژی باکوری کوردستان، گۆرانییەکی سەعید یوسف، گۆرانیبێژی کۆچکردووی ڕۆژئاڤای کوردستان دەڵێتەوە. گۆنول دیلان ڕایگەیاند: بەر لە سێ مانگ کاتێك ئامادەکاری بۆ ئەلبوومە نوێیەکەی دەکرد، بڕیاریدا گۆرانییەکی هونەرمەند سەعید یوسف بڵێتەوە و بەم بەرهەمە یادی دەکاتەوە.

گوتیشی: سەعید یوسف جێگەیەکی تایبەتی لە دڵی ئەودا هەیە».گۆرانییەکە بەناوی «ئیشەڤکا بارانێ» یە ولە تێکست و ئاوازی هونەرمەند سەعید یوسف و پێشتر بە دەنگی ئەو تۆمارکراوە. گۆنول دیلان، بە گرنگی دەزانێت بەرهەمی هونەرمەندانی پێشووی کورد دووبارە بگوترێنەوە، بەڵام بە گوتەی ئەو ڕێگە نادرێت ئەوان گۆرانی هەموو هونەرمەندێك بڵێنەوە و مۆڵەتیان پێنادەن. ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەهۆی بڵاببوونەوەی ڤایریۆسی کۆڕۆنا ناتوانن کۆنسێرت و چالاکی ئەنجام بدەن، بەڵام هەوڵیداوە لەڕێگەی کەناڵی تایبەتی لە یوتیوب و هەژماری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی نوێ بۆ هۆگرانی بڵاوبکاتەوە. سەعید یوسف، هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان، لە تەمەنی 73 ساڵیدا، لە 26 شوباتی 2020 لە نەخۆشخانەیەکی ئیستەنبوڵ کۆچی دواییکرد. گۆنول دیلان ساڵی 1991 لە ئامەدی باکوری کوردستان لە دایکبووە، ئێستا لە ئیستەنبوڵ دەژی و بە زمانی کوردی و تورکی گۆرانی دەڵێت. گەردەنزەر، دلدارۆ، دەرێ مالێ و دیاربەکریم لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی ئەو هونەرمەندەن..

جۆن تراقۆلتە، کۆچی دوایی هاوسەرەکەی ڕادەگەیێنێ



لە هەواڵێکی هونەری گۆڤاری ئەخباری مەشاهیر، ئەستێرەی دەرهۆشاوەی ئەمریکی جۆن تراقۆلتە، مردنی هاوسەری ژیانی خۆی ڕاگەیاند کە هونەرمەندی ئەمریکی کیلی بریستۆن بوو. جۆن تراقۆلتە، جەختی کردەوە کە خێزانەکەی ساڵانێکە بە دەست شێرپەنجەی مەمکەوە دەناڵێنێ تا دواجارلە تەمەنی 57 ساڵی بەیەکجاری چاوی لێك نا. جۆن تراقۆلتە، زۆر نیگەران بوو بەو مااڵواییەو دووپاتی کردەوە کە زۆر بەختەوەر بووە لەگەڵ خێزانەکەی، بەڵام قەدەر ڕێگەی نەدا ئەو خۆشەیان بەردەوام بێت...